# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


**هاوڕێیان و خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە، بۆ ئاشنا بوون بە بنەما و بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، لەم ژمارەیەوە هەر جارەی بەشێك لە بەرنامەی دنیایەکی باشتر بڵاو دەکەینەوە....ل6**


ساڵی شەشەم ژمارە(127) بەرواری 15–8–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## لە پەراوێزی کۆبونەوەی سەرۆکی هەرێم!! لەگەڵ سەرۆك و سکرتێری حزبەکان...

**عەبدوڵا مەحمود**

بەرواری ١٠ ئەم مانگە نێچیر بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!! بە ئامادەبوونی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق، لەگەڵ سەرۆک و سکرتێری حزبەکانی ناو ماڵباتی بزوتنەوەی کوردایەتی کۆبووەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوی سەرۆکایەتی هەرێم لە کۆبونەوەکەدا باس لە دۆخی کوردستان و پرسی هەڵبژاردن و چۆنیەتیەکەی کراوە، هاوکات باسی ئەوەش دەکرێت کە یەکێتی نیشتیمانی نیگەرانی خۆی لە مامەڵەی پارتی لەگەڵ زۆن سەوز دەربڕیوە، تا ڕادەی کشانەوەیان لە حکومەت ئەگەر پارتی سلێمانی چیتر پشت گوێ بخات. جیا لەوانە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان جارێکی تری هوشداری داوە بە لایەنە سیاسیەکان کە کات بە قازانجیان نییەو پێویستە زوو بگەنە ڕێکەوتن.



دیارە ئەوە یەکەمین کۆبونەوە نییە کە بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەککگرتوەکان لەم ساڵدا بەڕێوە چووە، بەڵکو ئەوە چەندەمین کۆبونەوەیەو هەموو کۆبونەوەکانیش بێ ئاکام کۆتاییان دێت، لەوەش زیاتر گرفتەکانی نێوان حزبەکانی خێزانی بۆرژوازی کورد زۆرتر دەبن و گرژییەکان هەڵدەکشێن.

پێشوو تر باسی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان "زۆنی زەرد و سەوز" یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە... دەکرا و ئێستاش پرسی هەڵبژاردن و چۆنیەتیەکەی بۆتە مەسەلەی سەرەکیان. پرسیار ئەوەیە بۆچی هەر جارەی پرسێک دەبێتە مەسەلەی کۆبونەوەکەیان و بێ ئەوەی بەشوێنێک بگات، دەست دەبەن بۆ پرسی تر؟ هەروەها هۆکار چییە، کۆبونەوەکان بێ ئاکام کۆتاییان دێت، یان هەڵگری هیچ ڕێگاچارەیەکی درێژ مەودا نین.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش هەدوو حزبی خاوەن قەڵەمڕەوی دەسەڵات، لە هەلومەرجی ئێستادا، هیچ ئاسۆیەک بۆ

بۆ لاپەڕە 2


## پێویستە دەستبەجێ و بێ قەید و شەرت گیراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن!




هێشتا ژمارەیەک لە گیراوەکانی بادینان کە زوربەیان رۆژنامەنووس و خۆپیشاندەر و هەڵسوڕاو و رابەی بزوتنەوەی نارەزایەتی و بەشدار لە خۆپیشاندانەکان بوون. لە زیندانن و ئازاد نەکراون،

بۆ لاپەڕە 3

## سەلمان روشدی و چەقۆی تیرۆر



بەرواری ١٢ ی ئەم مانگە سەلمان روشدی نووسەر و رۆمانووسی هیندی و نووسەری کتێبی ئایاتی شەیتانی، کە لەساڵی ١٩٨٩ وە بە فتوای گەورە جەلادی ئیسلام خومەینی خوێنی حەڵاڵ کرا و فتوای تیرۆری درا، بەچەند دەققەیەک پیش وتەیەک بۆ ناساندنی کتێبێکی تازەی لە شاری شاتاکوا لە رۆژئاوای نیویورک،


بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* یا حجاب کردن یان سەربرین.....................................................ل4
* تیرۆری فکر و فکری تیرۆر.........................................................ل6
* گرنگی بەشداری سیاسی بۆ ئافرەت .....................................ل7
* گرینگی و پیرۆزی لەهەبوونی ماف دایە..................................ل9


### دۆسیەی ژمارە“هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی“

## بەڕێز ئامانج نوری، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...



ل10


پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

دەرچوون لەو ئەزمەو گرفتانەی یەخەگیریانە، نابینن و بەتەواوەتی کەوتونەتە دۆخی چاوەڕوانیەکی بێچارەوە. دۆخێک کە دەرهاوێشتەی هەلومەجی سیاسی تازەی جیهان و ناوچەکەو لێکەوتەکانیەتی لەسەر عێراق و کوردستان.

ململانێی نێوان بلۆکبەندییەکان بەتایبەتی جەمسەری ئەمریکاو غەرب لەلایەک و جەمسەری روسیاو چین لەلایەکی ترەوە، جەنگ لە ئۆکرانیا، گرژییەکانی نێوان چین و تایوان و رۆڵی ئەمریکا لەو ئەزمەیەدا، ململانێی نێوان بلۆک بەندییە ناوچەییەکان لەوانە تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی لەبەرامبەر بە ئێران و رۆڵی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لەسوریا و عێراقدا. هەموو ئەوانە عێراقی خستۆتە بەردەم دۆخێکی تازەوەو کاریگەری دۆخی عێراقیش بەتەواوەتی لەسەر کوردستان و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد رەنگی داوەتەوە.

بۆرژوازی لە عێراقدا چ وەکو بزوتنەیەکی گشتی و چ وەکو بزوتنەوەی تایبەتی تایفی کەوتوونەتە بەرامبەر بەیەکتر و ریزەکانیان درزی گەورەی تێکەوتووەو گرژییەکانی نێوانیان بەرینتر بۆتەوە. ململانێکانی ناوخۆیی نێوان بۆرژوازی عێراقی لەوانە" سونە" و "شیعە" لەلایەک لە بەرامبەر بەیەکتری و لەناو خانەوادەی "سونە" و " شیعە" لەناو خۆیاندا بەجێگایەک گەیشتووە، کە جەنگی ئەلتەرناتیفەکان بۆ دوبارە سازدانەی دەوڵەت و حکومەت لە عێراقدا و باڵادەستیان بەسەر یەکتریدا، دیارە بە دەستێوەردان و پشتیوانی ئاشکرای وڵاتانی ناوچە بەرۆشنی دەبینرێت... ئەم دۆخە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد داناوە.

هەر ئاڵوگۆڕێک لە هاوسەنگی هێزی نێوان بۆرژوازی عێراقیدا، راستەوخۆ لەسەر کوردستان رەنگ دەداتەوە، لەوەش زیاتر دەشێت بەتەواوەتی هەلومەرجی سیاسی کوردستان بگۆڕێت. پێداگری بەردەوامی نوێنەری سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان بەوەی کە دۆخی سیاسی کوردستان ئاوا نامێنێتەوە، کات لە بەرژەوەندی هەرێم نییە، ریشەی لە ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانەدایە کەلە عێراقدا بەڕێوەیە. ئاڵوگۆڕێک کە وا دێتە پیش چاو ئاڵوگۆڕی بنەرەتی بن تا ڕوکەش و کاتی. باسی گۆڕینی دەستور و سیستەمی سیاسی لە عیراقدا هیچ کات وەکو ئێستا لە ئارادا نەبووە. ململانێی ناوخۆیی ناو ماڵباتی شیعی، لەسەر چۆنیەتی بیناکردنەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق، لەنێوان هەردوو بەدیلی" حکومەتی بەش بەشینەو هاوبەش و حکومەتی زوربە" باسی زۆر و کەم بوونی کورسی نییە، باسی گۆڕینی پۆستەکان نییە، بەڵکو ئارایشیکی تازەیە کە سەرجەم پرۆسیسی سیاسی لە عێراقدا دەگۆڕێت.

بۆرژوازی کورد لەوەها دۆخێکدا هیچ بژاردە و هیچ کارتێکی بەدەستەوە نییە، بۆراگرتن یان کاریگەری دانان لەسەر ئەو رەوتە تازەیەی لە عێراقدا بەڕێوەیە... بۆیە کەوتوونەتە دۆخی چاوەڕوانیەوە، و لەگەڵ دوو گرفتی سەرەکیش بەرەو ڕوون. لەوانە گرفتی ئاییندەی سیاسی کوردسان و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

ئاییندەی سیاسی کوردستان لەژێر هەژموونی هاوسەنگی تازەی بزوتنەوە سیاسییەکان لە عێراقدایە و دیار نییە چارەنووسی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چی بەسەر دێت. ئایا هەژموونی بریاری سیاسی ناوەند و بەغدا بەسەر هەرێمدا، دەسەپێت، یان ئەم دۆخە بۆ دەورەیەکی تریش دەمێنێتەوە... ئەوە مەسەلەیەکی کراوەیە و دەتوانین بڵێین، رەوتی روداوەکانی پێشوو وە سیاسەتێک کەسەرجەم بۆرژوازی عێراقی سەرباری ناکۆکیەکانیان، لە پەیوەند بەهەرێم نیشانیانداوە، کورتکردنەوە و نەهێشتنی هەژموونی بۆرژوازی کوردە بەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسازەکاندا کەهەمیشە وەکو کارتی گوشار و بژاردە بۆ ململانێ لەگەڵ بەغدا و بۆرژوازی عێراقی بەدەستەوە گیراون. لەوانە دۆسیەی نەوت و غاز و، پرسی ئەمنی سنورەکان و خاڵە گومرگیەکان و پەیوەندییەکان.... دیارە لەو نێودا پرسی سیاسی کوردستان و باکگراوندی ئەو پرسە هەمیشە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەدەستەوە گیراوە وەکو رەوایەتی دان، بە مافی خۆیان تا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە بکات، بەڵام پرسی سیاسی کوردستان نە پرسی نەوت و غازو خاڵە سنوریەکان و پەیوەندیەکانە و نە رێگا چارەسەرەکەی فیدالیزمی قەومییە کە بۆرژوازی کورد بەدەستیەوە گرتووە، مێژووی دوو دەهەی رابردوو نیشانیدا کە فیدرالیزمی قەومی نەک رێگاچارە، بەڵکو بۆتە سەرچاوەی دەیان کیشەی سیاسی و ئەمنی و حقوقی و تەنانەت سەربازی... وەڵامەکەشی تەنها بە رێگاچارەیەک مەیسەر دەبێت، کە بتوانێت ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان، بۆ خودی بریاری خەڵکەکەی بگرێتەوە و بەفەرمی بناسێت... کیشەی بۆرژوازی عێراقیش لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا، لە بنەرەتدا نە نەوت و غاز و خاڵە سنورییەکان و نە پەیوەندیەکانە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیە، و بەو ماهیەتە سیاسیەی هەیانە ئامادەنین بە خۆشی خۆیان ئەو مافە سیاسیەی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسن و کۆتایی بە گرفتکی مێژووی وەکو بەشێک لە گرفتێکی سیاسی ناوچەیی بدەنەوە. بۆرژوازی کورد لە ژێر ناوی ئەو پرسەدا و بەبەدەستەوە گرتنی سات و سەودا و مامەڵە لەسەر بەشی دارایی و بودجە و پیادەکردنی پراکتیکی دەسەڵاتداریێتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکات و دوور و نزیک بەشێک و هەوڵیک و نییە بۆ چارەسەری پرسی کورد و ئایننده سیاسسیەکەی.

گرفتێکی تری بەردەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی و دەسەڵاتداریێتی ئەو بزوتنەوەیە، بوون و بەرینبوونەوەی رۆژ بەرۆژ زیاتری نارەزایەتی جەماوەری و دوورکەوتنەوەیەتی لە کایە و گەمەی هەڵبژاردنەکان و چوونە سەری بایکۆتە، کە بەکردەوە دەکاتە رەتکردنەوەی هەڵبژاردن و ریسواکردنی. بۆرژوازی کورد لەگەڵ ئەوەدا لە بەرامبەر بە دنیای دەرەوە و بۆ شێواندنی رای گشتی باسی گرنگی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا دەکەن، بەڵام بەکرەوەو بەو هۆیەوە خەڵک بەشداری ناکات، ناتوانن لەسەر کاتی هەڵبژاردنەکە رێک بکەون، بەپێچەوانەی لێدوانی بەرپرسە حزبیەکان، هۆکاری سەرەکی نەتوانینی وەرێخستنی هەڵبژاردن، تەکنیکی و فەنی و کات نییە، بەڵکو بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و بایکۆتە. بۆرژوازی کورد و هێزە سیاسیەکانی بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، لەهەوڵی ئەوەدان کات بەدەست بهێنن بۆ پاشەکشەکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و گیرۆدەکردنیان بە خۆشباوەرییەکی تر تا دوبارە نۆژەنی ئامادەیی خەڵک بکەنەوە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا، لەو نێوەدا کارتێک کە بەدەستیانەوە بێت، ترساندنی خەڵکی کوردستانە بە بوونی هەلومەرجێکی تازە، کە قەوارەی هەرێمی خستۆتە بەردەم هەرەشەو لەناوچوون. بۆ بەرگریکردن لەو قەوارەیە لەبەرامبەر بە هەرەشەی دەرەکیدا دوای حەوسەڵەکردن و دوبارە چوونەوە پشتی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەزگا شەرعیەکانیەتی!! دەکەن و داوا دەکەن خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکات کە گوایە لەو ڕیگایەوە قەوارەی هەرێم لە مەترسی دەرەکی دەپارێزن.

ناکۆکی نێوان پارتی و یەکیتی و لێکترازانی ریزەکانیان، و خستنە رووی ئەو ناکۆکیانە لە بەردەم نوێنەری نەوەیەکگرتوەکان، نیشانەی قوڵ بوونەوەو بن بەستی نێوانیانە بۆ سازانێک کە بەیەکەوە بتوانن روبەرووی ئەو گرفتانە ببنەوە کە دەرگیری بوون.

پرسی هەڵبژاردنەکان، لەناو ئەو گرفتە بناغەیانەدا کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد رووبەڕووی بۆتەوە، مەسەلەیەکی لاوەکییە. لێکترازنی ریزەکانی بۆرژوازی کوردیش، هەڵبژاردن و جۆری هەڵبژاردنەکان نییە، بەڵکو بی وەڵامیە بەو گرفتانە و لەچاوەرواندا مانەوەیانە لەبەرامبەر بە هەلومەرجی ئێستا و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەڕێوەن لەهاوسەنگیەکی تازەدا.

ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان دەبێ ئەزموونده بێت ئەوەیە، ئەوەی لە هیچ کام لە کۆبونەوەی سەرۆکی حزبەکاندا باسی ناکرێت، پرسی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، مەسەلە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و مافە سەرەتایەکانی تاک و خواستەکانی ئینسان و دۆزینەوەی دەروازیەکە بۆ چارەسەری گونجاوی پرسی ئاییندەی سیاسی کوردستان...

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢٢**

**ململانێی نێوان بلۆکبەندییەکان بەتایبەتی جەمسەری ئەمریکاو غەرب لەلایەك و جەمسەری روسیاو چین لەلایەکی تر، جەنگ لە ئۆکرانیا، گرژییەکانی نێوان چین و تایوان و رۆڵی ئەمریکا لەو ئەزمەیەدا، ململانێی نێوان بلۆك بەندییە ناوچەییەکان لەوانە تورکیا و بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی لەبەرامبەر بە ئێران و رۆڵی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لەسوریا و عێراقدا. هەموو ئەوانە عێراقی خستۆتە بەردەم دۆخێکی تازەوەو کاریگەری دۆخی عێراقیش بەتەواوەتی لەسەر کوردستان و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد رەنگی داوەتەوە ...**

# درێژەی...پێویستە دەستبەجێ و بێ قەید و شەرت گیراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن!

ئەوە لە کاتێکدایە ئەو زیندانیانە بریاری ئازادکردنیان هەیە و بەپێی کەم کردنەوەی سزاکانیان دەبوو ئازاد بکرێن. جیا لەوانەش ژمارەیەکی تر لە زیندانیانی شیلادزی تا ئێستا دادگای نەکراون و بەبێ دادگایی و نزیک بەدوو ساڵە لە زینداندان، و وەکو تۆمەتبار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بەشێکی تر لە زیندانیانی شیلادزی، بریاری ئازاد بوونیان هەیە، کەچی ئەوانیش تا ئێستا لە زینداندا گیر کراون و ئازاد ناکرێن.



ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ناڕازییەکانی دەکات، دەکرێت بوترێت لە دنیادا وێنەی زۆر کەم یان هەر نییە... ئاخر لە کوێی دنیا بووە رۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوانی ناڕازی بۆ موچەو خزمەتگوازرییەکان، وە بەدژی داگیرکاری دەرەکیدا وەستابنەوە، بەم شێوازە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و بەساڵ زیندانی کراون بێ دادگایی؟ لەکوێی دنیا هەیە، سەرۆکی حکومەت پێش بریاری دادگا، مۆری تاوانباری و پسولەی رۆژنامەنووسی و نووسەری و چالاکوانانی دابەش کردبێت و ئەو بریار بدات کێ نووسەر و رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنییەو کێش سیخور و کرێگرتەی وڵاتانی دەرەوە و لەدژی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی!!یە. تۆمەتبارکردنی رۆژنامەنووسان و چالاکوانی مەدەنی پێش دادگایی و بریاری دادگا، دەرخەری ئەوەیە سەرۆکی حکومەت پیێش وەختە بریاری خۆی دابوو بۆ زیندانکردنیان بەو جۆرەی دڵی دەیخوازێت... وە ئەو بریاریدا دادگا دەبێ چ بڕیارێک بدات کە جوت و تەبا بێت لەگەڵ تۆمەتی خاوەن شکۆدا.

لەوە سەیرتر ئەوەیە دادگا بڕیاری" ئازادکردنی بەمەرجی" زۆرێک لە گیراوەکانی بادینانی داوە، و بەپێی بڕیاری خۆیان کە کەمکردنەوەی سزاکان بوو، سزاکەیان تەواو کردووە، کەچی هێشتا گیراوەکان ئازاد نەکراون. ئەوە لەکاتێکدایە، رژێمە هەرە دڕندەکانی مێژوو کاتێک گەورەترین تۆمەتبار سزاکەی تەواو بووە ئازادیان کردووە، کەچی دەسەڵاتی خۆوڵاتی و رەسەنی کوردایەتی، ژمارەیەک خەڵکی نەک لەسەر تاوان، بەڵکو بەکردەوە لەسەر بێتاوانی سزا داون، کەچی دوای تەواو بوونی سزاکەشیان، ئازادیان ناکەن.


گیراوەکانی بادینان بەمەبەستی ئازاد کردنیان زیاتر لەچەند هەفتەیە دەستیان داوەتە مانگرتن و بەوهۆیەوە تەندروستیان لەمەترسیدایە، کەچی دەسەڵاتی سیاسی بێباکانە، مامەڵە دەکات و گوێ بە تەندروستی گیراوەکان نادات.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان بەگشتی و نووسەر و رۆژنامەنووس و چالاکوانانی پێشکەوتنخواو دادوەرانی ئازاد و ئازا و لایەنگرانی مافەکانی ئینسان بەتایبەتی، ئەرکیانە لەبەرامبەر بەو مامەڵە نائینسانییەی دەسەڵات جارێکی تر بێنە مەیدان و ئەو سەرکوتگەرییە ئاشکراو بێ پاساوە ریسوا بکەن و رای گشتی و فەرمی ناوخۆ و دەرەوەی لەدژی هەڵخڕینن. وە پێویستە داوای دەستبەجێ و بیقەید و شەرت ئازادکردنی گیراوەکان و هاوکات قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی بکرێن، لە پای ئەو تۆمەتە بێ بناغانەی بۆیان دروستکراوە.

دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەبێ باش ئەو راستیە بزانێت، خۆشخزمەتی و بە وڵاتانی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری ناوچەکە، ناتوانێت گلۆڵەی روو لە لێژی دەسەڵاتیان بپارێزێت.

# درێژەی...سەلمان روشدی و چەقۆی تیرۆر

لەلایەن یەکێک لە چەقوکێشە تیرۆریستەکانەوە هیرشی کرایە سەر و بەسەختی بریندار کرا، و پاشان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە.



ئەم کردەوە تیرۆریستی و ئینساکوژییە، ئەو نەریتە کە لەبەرچاوی جەماوەر و بەرۆژی روناک، هەڵدەکوتێتە سەر ئینسان و تاوان دەخوڵقێنی، دەمێکە بۆتە ناسنامەی تیرۆریزمی ئیسلامی و رەوتە راسیستەکان. کە هەردووکیان چ ئیسلامی سیاسی و چ راسیزمی هەوسار پچراو، بەرهەم و زادەی نیزامی دڕندەی سەرمایەدارین و دەمێکە دنیا بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و کۆمەڵگە بە کردەوە تیرۆریستیەکانیان توشی ترس و ڕاچەنین، دەکەن. ئەم دوو رەوتە جڵەو بەرەڵابووەی دەست پەروەدەکراوەی ئەمریکا و غەرب و نیزامی سەرمایەداری، هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە نەماوە دەست درێژی نەکەنە سەری و هیچ گۆشەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی نەماوە، رقی خۆیانی تیا هەڵنەڕێژن. لەهەر جێگایەک هێزیان هەبێت، ئەو جێگایە مۆری کردەوەی تیرۆریستی ئەوانی پێوەیە. بەدوای هێنانەوە سەرکاری تاڵیبان، لە ئەفغانستان، ئیسلامی سیاسی لە تەواوی دنیا دڵخۆش بوون و هەناسەیەکیان بەبەردا هاتۆتەوە و بەدوای هیرشی روسیاش بۆسەر ئۆکرانیا، راسیزم لە ئاستیکی فراونتر لەپێشوو خۆی نمایش دەکات و هەڵاواردن و جیاکاری و ئینسانی "چاو شین" "نەوەی ئەوروپایی" لەچاو ئینسانی تردا، باڵاتر و شارستانی پێناسە دەکات و ئینسانی دەرەوەی ئەو بازنەیە کەم و ناشارستانی و بێ بەها، تەماشا دەکات، و لەلایەن خودی دەوڵەتی ئەمریکا و غەربەوە باوەشین دەکرێت.

هێرش بۆسەر سەلمان روشدی، مۆری یەکێک لەو دوو رەوتە ئینسان کوژەی پێوەیە، بەتایبەتیش ئیسلامی سیاسی. چونکە ئیسلامی سیاسی بەرگەی رەخنە لە ئیسلام و بنچینەکان و رەمزەکانی ناگرێت، بەرگەی رەخنەو ئازادی بەیان و چاپەمەنی ناگرێت، توانایی قبوڵکردنی سەرەتاییترین ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانی نییەو هەر شتیک حوکم و توانایی قادری قادران خودا بخاتە ژێر پرسیارەوە، دەیخەنە بەر زەبری کردەوە تیرۆریستیەکانیان. سەلمان روشدی نووسەی کتێبی ئایاتی شەیتانی، کە فتوای کوشتنی لەلایەن خومەینییەوە دراوەو ئەو فتوایە ماوەو سەرچاوەی دنەدانی ئیسلام و رەوتەکان و پیاوەکانیەتی، دەشی لەپشتی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بن.

لەهەموو حاڵەتێکدا ئەم کردەوە تیرۆریستییە چ ئیسلامی سیاسی یان راسیستەکان کە دوو دیوی یەک دراو و تەواوکەری یەکترین، ئەنجامیان دابێت، هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە کە ئەمە کردەوەیەکی تیرۆریستییەو هاوکات ئەو ڕیگا پوچە ناتوانێت ئازادی و ئازادیخوازی ئینسان و رەخنەی لە دزێویەکانی کۆمەڵگە رابگرێت یان کەمی بکاتەوە. دوای ئەم کردەوە تیرۆریستییە هەم سەلمان روشدی ناسراوتر لە پێشوو دەبێت و هەم کتێبی ئایاتی شەیتانی، کە رەخنەیە لە محەمەدی ئیسلام و کارنامەی ئیسلام، لای دنیای ئازادیخواز و وێڵ بەدوای حەقیقەتدا، پەسەندتر و فرۆشی بەرینتر و بەربلاوتر دەبێت.

**بنیاتنانی ئایندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە...**



# یا حجاب کردن یان سەربڕین!

## نووسینی: مستەفا باهیر

ئەمەی سەرەوە وتەی دکتۆر "مەبرۆک عەتیە" یە کە دکتۆرێکی یاساناسی زانکۆی ئەزهەرە لە قاهیرە، ئەم وتەی لەئەنجامی ڕوداوی سەربڕینی قوتابیەکی کچ بەناوی "نیرە ئەشرەف" لە زانکۆی مەنسورە کردوە. لە ڕۆژی دووشەممە، بەرواری ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢، لەبەردەم یەکێک لە دەروازەکانی زانکۆی "مەنسوورە" لە شارۆچکەی "دەقهەلیە" لە باکوری قاهیرە، لە وڵاتی میسر، قوتابیەکی کۆلیژی ئاداب بەناوی "محەمەد عادل" تەمەن ٢١ ساڵ، چەند چەقۆیەک لە " نیرە ئەشرەف ئەحمد"ی تەمەن ٢٠ ساڵ دەدات و دواتر سەری دەبڕێت کەهەردووکیان قوتابی هەمان زانکۆ و هەمان کۆلیژ بوون. ئەم تاوانە قێزەوەنە بەتەوای شەقامی میسری هەژاند.

بەگوێرەی وتەی کەسە نزیکەکانی ئەو دوو خوێندکارەی زانکۆی مەنسوورە، محەممەد بکوژی (نیرە)، سواری هەمان ئەو پاسە بووە کە قوربانییەکەی تێدابووە و بەرەو هۆڵەکانی تاقیکردنەوە لە زانکۆی مەنسوورە دەچوو، بەڵام بکوژەکە هەوڵیداوە لە تەنیشت (نیرە)ـەوە دابنیشێت، لەنێو پاسەکەدا دەبێتە شەڕیان. سەرەنجام سەرنشینانی پاسەکە بە کێشەکەیان زانیوە و کوڕەکەیان دوورخستووەتەوە، وەکو شایەتحاڵەکان باسیان کردووە، محەمەد لەنێو پاسەکەدا بە ئاماژەی دەستی هەڕەشەی سەربڕینی لە نیرە کردووە. دوای ڕاوەستانی پاسەکە "نیرە" بە ڕاکردن بەرەو زانکۆ ڕۆیشتووە، بەڵام محمد دوای کەوتوەو دوو چەقۆی لە سنگی (نیرە) داوە و دوای ئەوە قوربانیەکە دەکەوێتە سەرزەوی محمد چەقۆی بە ملی نیرەدا هێناوە وسەری بڕیوە، دوای سەربڕینیشی چەند چەقۆی تری لێداوە. ڕێبوارانی ئەو ناوە محمد دەگرن و ڕادەستی هێزەکانی پۆلیسی دەکەن.

نیرە، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکان بووە لە زانکۆی مەنسوورە، بەپێی قسەی هاوڕێی نزیکەکانی " نیرە" کچێکی هێمن و لەسەرخۆ و شەرمن بووە، محەممەدیش لە هەمان قۆناخ بووە، هەردووکیان دانیشتووی یەک گەڕەک بوون. بەپێی زانیارییەکان کە میدیای میسر بڵاویان کردووەتەوە، چەند جارێک محەمەد چووەتە داخوازی ئەم کچە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، بەڵام کچەکە ڕەزامەند نەبووە، هەربۆیە محمد هەمیشە هەڕەشەی لێکردوە.هەر وەک خۆی لە لێکوڵینەوەدا دەڵێت ئەوە تەنها هۆکار بووە بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانە.

ئەم تاوانە هەمو خەڵکی ئازادیخوازی میسرو جیهانی توشی شۆک کرد، بەتایبەتی دوای



نیرە ئەشرەف

بڵاوبونەوەی هەندێک گرتەی ڤیدیۆیی کە تێیدا دەردەکەوێت تۆمەتبار قوربانییەکە سەردەبڕێت. دوای ئەم تاوانە ژنانی ئازادیخوازی میسر زوو دەنگی نارەزایەتیان بەرزکردەوەو داوایان کرد کە دەبێت تاوانباران بدرێنە دادگا. هەر بۆیە نوێنەرایەتیی گشتی کە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە میسر ناچاربوو بەزوترین کات ڕاگەیاندێک بڵاوبکاتەوە تیایدا دەڵێت "نوێنەری گشتی بڕیاری بە لێکۆڵینەوەی خێرا لە ڕووداوی کوشتنی خوێندکار (نیرە) کردوە، دەبێت ئەولێکۆڵینەوەیە بە زوویی تەواو بکرێت"

چەندێک ئەم تاوانە دڕندانەیە خەڵکی ئازادیخوازی میسرو جیهانی دڵگران کرد، ئەوەندەش وتارو لێدوانەکانی مامۆستایانی زانکۆی ئەزهەر خەڵکی هەراسان کرد. بە تایبەتی دوای ئەوەی دکتۆر "مەبروک عەتیە" هۆی ئەو تاوانەی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە کچەکە بەبێ حیجاب چوەتە دەرەوە، داوای لە کچان کردوە و دەڵێت "بۆ ئەوەی ژیانت پارێزراو بێت دەبیت حیجاب بکەیت، حیجاب نەکەیت ئەوە ژیانت لە مەترسیدایە".هەروەها ڕوودەکاتە کچان و دەڵێت". بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزراوبێت و کەس تەحەڕوشتان پێنەکات دەبێت جگە لە حیجاب جلوبەرگی پانوپۆڕ لەبەرکەن، بۆئەوەی سەرنجی کەس ڕانەکێشن، ئەگەر ئەمانەت نەکرد لەماڵ مەچنە دەرەوە، چونکە بێگومان ژیانتان لە مەترسیدا دەبێت". بەم شێوەیە بانگخوازە ئیسلامیەکان دەیانەوێت لە ڕێگای ترس و تۆقاندنەوە کچان ناچار بکەن بۆئەوەی بەزۆر پۆشاکی ئیسلامی بپۆشن، بێگوێدانە ئەوەی کە پۆشاک شتێکی تایبەتی مرۆڤەکانەو هەموو مرۆڤێک خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی و کەس ناتوانێ ئەو مافەی لێ زەوت بکات. بەڵام لەهەر وڵاتێک کە ئەحزابی ئیسلامی سیاسی تیا و بێت کەمێک هێزیان هەبێت، حیجاب ڕەنگ و ڕواڵەتێکی مەترسیداری بە خۆیەوە گرتووە و حزبە ئیسلامیەکان هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی کە زۆرترین کچان و ژنان باڵا پۆش بکەن. دەسەڵات و



ئیمان رشید

حکومەتەکانیش هاوکاریان دەکەن.

ئیسلامیەکان جەستەی ژن دەکەنە ئامرازێکی جنسی و هەڵخرێنەری هەستی سێکسی پیاو، بۆیە ناچارت دەکەن کە ئەو جەستەیە بە حیجاب داپۆشرێ. بەڕای من سەرەڕای ئەوەی کە حیجاب مانای کۆیلەیی ژن دەگەیەنێ و لەبنەڕەتیشدا سمبولی ئیسلامی سیاسییە، بەڵام چەندە حجابکردن و پۆشاکی ئیسلامی سوکایەتیە بەژنان ئەوەندەش سوکایەتیە بە پیاوان، چونکە پیاوان وەکوو تاکێکی نەفس نزم نیشان دەدات کە مێشکیان لەناو گەڵی ژن دایە و هەردەم بیر لە دەستدرێژی و ئازاری ژنان دەکەنەوە. هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئینسانیکی ئازادیخواز بە توندی دژی ئەوکارەی حزبە ئیسلامیەکان بوەستێتەوە ڕەخنە بگرێت لەو دیاردە قێزەونە. ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە ئەحزابی ئیسلامی تیا نییە، ژنان و پیاوان لە کەنار دەریاکان پێکەوە خۆیان داوەتە بەرهەتاو و پێکەوە یاری دەکەن، پێکەوە لە مەلەوانگەکان مەلەدەکەن، هیچ کەسێکیش کێشەی نییە و پەلاماری هیچ کەسێکیش نادرێت، چونکە یاسایەک هەیە کەهەموان دەپاریزێت.

بە پێچەوانەی بانگخوازەکانەوە کە نەپۆشینی حیجاب دەبیتە هۆی کوشتن، بەڵام بەداخەوە هەر چوار ڕۆژ دوای کوشتنی نیرە لە میسر لە یەکێک لە زانکۆکانی ئوردن کچێک بەناوی "ئیمان ڕەشید" لە ناو زانکۆدا لەلایەن هاوڕێیەکیەوە دەدرێتە بەر فیشەک و دەکوژرێت. تەنها لەبەر ئەوەی کە نەیویستوە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات. ئەم کچە ئەو جلوبەرگەی پۆشیوە کە ئیسلامیەکان خوازیارین. هەروەها لە ڕۆژی ٩ی تەمموزی ٢٠٢٢ لە میسر کچێک بەناوی "سلمی بەهجت الشودافی" کە بە "سلمی فتاة الشرقية" ناسراوە قوتابی کۆلیژی ڕاگەیاندنە، لەبەردەم شوێنی کارەکەی لە لایەن خۆشەویستەکەیەوە بەناوی "ئیسلام محمد" کە ئەویش قوتابیە لەهەمان زانکۆ وهەمان کۆلیژە بەهەمان شێوەی نیرە



سەلمی بهجت

ئەشرەف لەڕێگای چەقۆوە سلمی دەکوژێت و سەری دەبڕێت. تەنها لەبەر ئەوەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ نەکردوە، بەمەرجێک ئەم کچەش ئەو پۆشاکە دەپۆشێت کە بانگخوازە ئیسلامیەکان هاواری بۆ دەکەن و دەڵێن لە کوشتن دەتپارێزێت.

کەواتە ئەمانە پێمان دەڵێت پۆشینی جلوبەرگ ڕێگر نییە لە تاوان، ئەوەی کە دەبێتە هۆی تاوان نزیک نەبوونەوەی کچان و کوڕانە لەیەکتر، نەبونی یاسایەکی یەکسانە بۆ هەموان، سەیرکردنی کچانەوە وەک ئامرازی سێکس، نەبونی ئازادییە، تەداخولکردنی ئیسلامیەکانە لەژیانی شەخسی مرۆڤەکان، هاندانی ئیسلامیەکانە بۆ توندوتیژی دژی ژنان...هتد. بۆ کەم بوونەوەی تاوان و دەبێت ئازادی ڕەها هەبێت، دەبێت یاسایەکی یەکسان هەبێت بۆ هەموان، دەبێت دەستی دین لەژیانی شەخسی مرۆڤەکان وەلانرێت...هتد

دژ بەم وتانەی مامۆستایانی ئەزهەر ژنانی ئازادیخوازی مسیرو وڵاتانی عەربی هاتنە دەنگ و دژی وتارەکانی مامۆستایانی ئەزهەر وەستانەوە بەتایبەتی قسەکانی "مەبروک عەتیە"یان بەهێرشکردنە سەر تەواوی ژنان ئەژمارکرد. هەربۆیە لە لایەن چەند چالاکوانێکی بواری ژنان داوای یاسای لەسەر تۆمارکرا. هەروەها لەژێر گوشاری ئازادیخوازاندا مەبروک عەتیە کە لە پەیجی تایبەتی خۆی هەفتانە بەرنامەی ئیسلامی هەبوو ڕێنوێنی!! دەدا بەخەڵکی موسڵمانان وازی هێنا، لەکۆتا گرتە ڤیدۆیەکدا دەڵێت "بەهەڵە لەمەبەستەکەم تێگەشتون من لەمەودوا هیچ بەرنامەیەک پێشکەش ناکەم و من نەم وتوە کوشتنی نیرە نەبوونی حیجاب تەنها هۆکار بووە، بەڵکو یەکێکە لەهۆکارەکان..هتد" .

سەبارەت بە بکوژی نیرە ئەشرەف بەداخەوە دادگا بڕیاری دا بە لەسێدارەدانی بکوژ لە بەردەم زانکۆی مەنسورە، هەموو پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی ڕەوانەی موفتی میسر کرد، تاوەکوو فەتوای شەرعی لەبارەی لەسێدارەدانی بکوژەکە بدات. بڕیار وایە لەبەردەم زانکۆکە لە سێدارە بدرێت. بەڵام پارێزەرەکەی ئەم بڕیارەی تەمیزکردوە.

١٢/٨/٢٠٢٢

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## کاکەلاو تەحسین وەڵامی




## پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە

**دوو پرسی ڕۆژ لەم ژمارەیەدا: کاکەلاو تەحسین چاودێری سیاسی ئەم دووپرسەی بۆ تاوتوێکردین.**

**پرسی یەکەم: پێشنیوەڕۆی چوار شەممە 10ی ئاب ٢٠٢٢، لە بارەگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، جینین پلاسخارت، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق؛ سەرۆکی حزبەکانی کوردستانی عێراقی( مەبەست حزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسی و پەرلەمان) کۆکردەوە( جگە لە نەوەی نوێ کە خۆیان بەشدریان نەکرد) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی قەیرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان. پێتوایە قەیرانەکانی کوردستان هەڵبژاردنە یان سیستەمی حوکمڕانی؟**

یەکێتی و پارتی سەرکەوتووبوون لە چارەسەر نەکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەڵبژاردن. لە مانگی ١٢ ی ساڵی ٢٠١٩ ماوەی کۆمسیۆنی هەرێم تەواو بووە، و بەگوێرەی یاسا دەسەڵاتی پەرلەمانە بۆ نوێکردنەوەی ئەندامەتیان، یان ئەندامی نوێ هەڵدەبژێرێت. کەچی ئەوان نەهاتن ئەو کێشە یاساییە چارەسەر بکەن تا ساڵی ٢٠٢٢ ! ئەوکاتیش کێشەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنیشیان هێنایە پێشەوە! ئێستاش دەیانەوێ لە ڕێگای شەرعیەتی یوئێن هەڵبژاردن دوابخەن و کێشەی کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن چارەسەر نەکەن، بۆ ئەوەی ئەو دوو هۆکارە بمێنێتەوە تا چەند جارێکی تر هەڵبژاردنی پێ دوابخەن و شەرعیەتی یوئێنیش هەبێت!

تۆ ئەگەر سەیری ئەو کۆبونەوەیەی دوایش بکەیت؛ ئەبینی لە بری چارەسەرکردنی پرسی هەڵبژاردن چونەتە سەر باس کردنی کێشەی یەکێتی و پارتی! ئێ دەبێت بپرسین ئایا یەکێتی و پارتی لە زەمەنی شەری ناوخۆین، و دێگەلە سنورە تا بتوانن تەنها لە بەردەوم نوێنەری وڵاتان یەکتر ببینن و گفتوگۆ بکەن؟ ئەی ئەوانە وەك سەرۆك حیزب کۆنابنەوە؟ ئەی لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە سەرۆك و جێگر لە یەکێتی و پارتی نیە؟ ئەی بۆچی دەبێت نەزانن ئەتەکێتی کۆبوونەوە چۆنە و چۆن پابەندبن بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە؟ بەڵام روونە و بەئەنقەست ئەیانەوێت کێشەکان بە ئاڵۆزی پیشان بدەن و هەڵبژاردنیش دوابخەن!

**پرسیار:بەڵام هەڵبژاردن لەهەرێم ئەوەندە کاریگەری نیە تا بترسن؟**

هەڵبژاردن هەر چەند خراپیش بەڕێوە بچێت، باشترە بکرێت لە نەکردنی. (هەڵبژاردن خولی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی تەواو کرد، هەڵبژاردنیش دوو خولی نێچیرڤان بارزانی تەواو دەکات، هەڵبژاردن بوو رووی راستی بزوتنەوەی گۆڕانی ئاشکرا کرد، هەڵبژاردن بوو یەکێتی وتی هێزی ئێمە بە کورسی نیە و بە خەباتە، هەڵبژاردن وا دەکات ئەوان بێنەوە بەردەستی دەنگدەر، لەکاتێکدا ڕۆژانە لەئێستادا شکۆی دەنگدەر دەشکێنن، هەڵبژاردن وا دەکات لە ناوخۆیی حیزبەکان لەسەر پشکەکان ململانێکان زیاتر بێت و باڵەکان بڵێن جا نۆرەی منەوتۆ برۆ دواوە، هەڵبژاردن وا دەکات لە شوێنێك بڵێن ئێمە شانۆگەری هەڵبژاردن چیتر بەکار ناهێنین و هەر بە دێکتاتۆری حوکم دەکەین)! لێرەوە ئەو هۆکارە درۆزنی و ڕیاکاری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک کۆتایی دێت و دەپچرێت کە وڵاتانی زلهێز دەستیان پێوە گرتووەو دەعمی یەکێتی و پارتی پێدەکەن، گوایە ئەو حکومەتە بە هەڵبژاردن هاتووە!

**پرسی دووەم: لەسەر بانگێشتی نەوەی نوێ و سەرۆکەکەی( شاسوار عەبدولواحید) و کاریگەری خۆپیشاندانەکانی مقتەدا سەدر لە بەغدا؛ بانگەوازی خۆپیشاندانکرا لە ٦ ی ئابی ٢٠٢٢ لەشارەکانی کوردستان. چەند ڕۆژێك بەر لەوادەی خۆپیشاندان و لە ڕۆژی خۆپیشاندانیش، هێزە ئەمنیەکانی( پارتی ویەکێتی) لەهەولێر و سلێمانی ڕەشبگیریەکیان دەستپێکرد لە گرتن و ڕێگرتن لە نارازیان و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان کە زۆرێکیان لە ئەندام پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسان و هەوادارانی نەوەی نوێی تێدا بوو، لەگەڵ خەڵکی بێلان و نارازای، بەپێی سەرچاوەکان ژمارەکە ئێجگار زۆرە کە دەگاتە( ٢٥٠٠) کەس.**

**ئەم ترسە گەورەیەی حزبەکانی دەسەڵات لە خۆپیشاندان بۆچی؟ لەبەرچی؟**

یۆنانیەکان دەیانگوت" شەر بۆیە گرینگە هەبێت؛ تا جەنگاوەر و سوارچاك و تیرهاوێژی راستەقینە دەربکەوێت" ئەگەر شەڕ نەبێت هەمووان دەڵێن من پاڵەوانم لە جەنگ و نازانین راستە یان درۆ؟

خۆپیشاندانیش گرینگ نیە چی دەگۆڕێت لەسەرەتا، بەڵکو گرینگە چی ئاشکرا دەکات. ئەو خۆپیشاندانە ئاشکرایکرد ئەگەر یەکێتی و پارتی لەسەر دابەشکردنی پۆست نارێك بن؟ ئەوا لەسەر سەرکوتکردن و فەرمان ڕەواییکردن تەبا و یەکدەستن!

ئەگەر یەکێتی و پارتی لە میدیاوەو بە گوتار جیاواز بن لە ڕێگادان بە ئازادی؟ ئەوا لە پراکتیك وەك یەکن و کۆپی یەکترن و یەکتر تەواودەکەن! ئەو خۆپیشاندانە سەلماندی کە یەکێتی و پارتی چەندە دەترسن، و خەڵکیش چەندە تورەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆپیشاندانە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەو مانۆرە سەربازیە، و ڕەشبگیریەی یەکێتی و پارتی تا ماوەیەکی زۆرتر ترس و تۆقانیان پیشانی خەڵك داوە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..


bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# تیرۆری فکر و فکری تیرۆر

نوسینی: شەماڵ باڕەوانی




**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

کتێبێکی قەبارە مەزنی(٤٨٠) لاپەڕەیی ئاکادیمیست و خاتونە توێژەری ئوردنی (د. ئەمانی غازی جەرار)ە.

نووسەر تێیدا تیشک دەخاتە سەر هزری توندڕۆیی و کێشەی تیرۆر و دیاردەی تیرۆرو، کتێبەکەیشی بەسەر شەش بەش، دابەشکردووە و لە میانی هەر شەش بەشەکەدا، لە مێژووی تیرۆر، جۆرەکانی تیرۆر و پاڵنەر و هۆکارەکانی تیرۆر، ئەو شێواز و ڕێگایانەی لە بواری تیرۆر بەکاردێت، لێکەوتەکانی کردە تیرۆرستیەکان.

سایکۆلۆجیەتی کەسی تیرۆریست، تیرۆر لە ڕوانگەی فیکری فەلسەفییەوە، تیرۆر لە ڕوانگەی فیکری سیاسییەوە، تیرۆر لە ڕوانگەی قانونی نێو دەوڵەتییەوە، تیرۆر لە بۆتەی فیکری تۆتالیتاریەتدا، تیرۆری دەوڵەت، چۆنیەتی ڕووبەڕوبوونەوەی دیاردەی تیرۆر و ڕیشەکێشکردن و بنبڕکردنی فیکری توندئاژۆیی و تیرۆرستی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی.

جەنگ لە دژی تیرۆر و کاریگەریەکانی تیرۆر لەسەر داهاتووی سیستەمی جیهانی. تیرۆر لە بەرامبەر ئازادی، تیرۆر و لێبوردەیی و مافەکانی مرۆڤ. تیرۆر لە بەرامبەر پلورالیەتی دینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی دەدوێت و تیشک دەخاتە سەر ئەو پەتا کوشندە و دیاردە مەترسیناکە.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت فکری توندڕۆیی و تیرۆر، شیرازەی کۆمەڵ و ژیان و مرۆڤایەتی وێران دەکات.

ئازادی و لێبوردەیی لەناو دەبات و فرەیی و یەکترقبوڵ کردن دەسڕێتەوە و درەختی هەموو جیاوازیەکان دەبڕێتەوە.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت تیرۆری فکری، یەکێک لە جۆرە هەرە مەترسیناکەکانی تیرۆرە لەکۆن و ئێستادا.

چۆن مرۆڤە جیاواز و ڕوشنگەرەکان، فەیلەسوف و ئەندێشەمەندان، نووسەر و ڕۆشنبیرەکان، بە دەست تیرۆری فکریەوە ناڵاندوویانە. ئازادیەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە و ئازادی بیرکردنەوەیان لێ قەدەغەکراوە، بە تایبەتی و هەمیشە لای تاریک بیران و لەسەر دەستی هێزە فێندەمێنتالیست و گرووپە تیرۆرست و تاقمە توندئاژۆ و پەڕگیرەکان، تیرۆری فیزیکی و جەستەییان لە دژ بەکارهاتووە.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت دەبێت بۆ ڕیشەکێشکردنی دیاردەی تیرۆر و لە گۆڕنانی هزری توندئاژۆیی، لە کۆمەڵێک ڕەهەندەوە خوێندنەوە بۆ ئەو دیاردە مەترسیناکە و هزری توندئاژۆیی و تیرۆرە بکەین.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

لە پاڵ گرنگی ڕۆڵی دەزگا ئەمنیەکان بۆ بنبڕکردنی هزری توندئاژۆیی و وەستانەوە لە ڕووی هزری تیرۆرستی و هێزی تیرۆرستاندا، باس لە گرنگی و لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پەروەردە دەکات، بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی تیرۆر.

پەروەردەیەک، بە فلتەری دیموکراتیەت دابردرێت، پەروەردەیەکی هیومانیستانەبێت. پەروەردەیەک بێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاک، لەگەڵ جەوهەری دیموکراسیەت و فەلسەفەی لیبراڵیەت، لەگەڵ ئازادییەکانی ژن و بنەماکانی شارستانیەت تێک نەگیرێت و دژ و پێچەوانە نەبێت.

بەواتای وشە، پەروەردەیەکی سەردەمی و شارستانی و مەدەنی بێت. پەروەردەیەک، دوور لە دەستی فلان مەزهەب و فیسار ئایدیۆلۆژیا و ئەو ئایین.

پەروەردەیەکی ڕووت سیکۆلاریستانە بێت، پەروەردەیەک تێیدا مرۆڤ بکرێت بە پێوەر و مرۆڤایەتی بە سەنتەر.

پەروەردەیەک، خاڵی بێت لە دەمارگیری ئایینی و ڕقی مەزهەبی و جیاکاری ڕەگەزی و پەتای تائیفی.

پەروەردەیەک بێت، تاکەکان فێری ڕێزگرتن و خۆشەویستی و لێبوردەیی و مرۆڤ دۆستی بکات.

پەروەردەیەک، لە ژێر سایەی بەهاکانی ئاشتی و چەمکی هاووڵاتی بوون و پڕەنسیپەکانی مرۆڤ بوون دابڕێژرێت و مرۆڤ فێری مۆڕاڵی مرۆڤ دۆستی و زمانی دیالۆگ و فەلسەفەی یەکترقبوڵ کردن و قبوڵکردنی جیاوازیەکان بکات.

پەروەردەیەک بێت، تاکێک بەرهەم بێنێت، باوەڕی بە ئەویتر هەبێت. ڕێز لە ئازادییەکانی تاک و ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان بگرێت.

توندوتیژی و بیری دەمارگیری و ڕاسیزم بوون، بەهەموو شێوەیەک، بەهەر ناو لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، ڕەتبکاتەوە.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت ئەگەر وانەکەین، هەرگیز، نەخۆشی تیرۆر و دەمارگیری مەزهەبی و توندڕۆیی ئایینی و بیری ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ڕەگەزی و ئەپارتاید، کۆتایی نایەت و هەرگیز، مرۆڤایەتی ئارامی و ژیان ئاساییش و کۆمەڵ تولەرانس بەخۆیەوە نابینێت و دیاردەی تیرۆر و هزری توندڕۆییش لەجیهاندا کۆتایی نایەت.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت پەروەردە کۆڵەکەی کۆمەڵە، مەحاڵە بەبێ پەروەردەیەکی جوان و لیبراڵی و شارستانی و مەدەنی و سیکۆلارستانە، بتوانین کۆمەڵێکی ساخلەم و تاکێکی تەندروست بەرهەم بێنین.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت پەروەردەیەکی مەزهەبی، پەروەردەیەک لەسەر ڕقی مەزهەبی و جیاکاری ئایینی و نەفەسی ئایدیۆلۆژی ڕۆنرابێت، هەرگیز، ناتوانێت مرۆڤێکی لیبراڵ و هێمن و شارستانی، مرۆڤێک خاوەنی بیرێکی کراوە و هەڵگری پەیامی ئینسانی بێت، دروست بکات.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت تیرۆر و هزری توندئاژۆیی کوڕی ڕۆژێک و دوان و سیان نییە. تیرۆر و هزری توندئاژۆیی درێژکراوەی هزرێکە، مێژووەکەی بۆ سەتان ساڵ و هەزاران ساڵ زیاتر بەرلە ئێستا دەگەڕێتەوە.

**تیرۆری فکر و فکری تیرۆر/**

پێمان دەڵێت دەبێت سەرچاوەکانی هزری توندئاژۆیی و تیرۆرستی وشککەین. دەبێت بە بەرنامەو ستراتیژیەت و پلان کاری بۆ بکەین.

دەبێت هەوڵ بدەین بەرلەوەی بیر لەوە بکەینەوە، تیرۆر وەکو فیزیک بەکۆتا بێنین، دەبێت تیرۆر لەسەر ئاستی فکر، بکوژین و لەناو بەرین.

ئەو توراسە بکوژین کە مرۆڤ دەکات بە تیرۆرست. ئەو کتێب و فیقە و دیدیدەنیگایە قەدەغە بکەین، کە تیرۆر بەرهەم دێنێت و مرۆڤ دەکات بە کائینێکی ڕادیکاڵ و تۆتالیتار و تیرۆرست.

ئەو کتێب و فیقە و کەلەپوور و مێژووەی لێمان بە بڤەو پیرۆز و سەرو ڕەخنە کراوە. ئەو فیقە و کەلەپوور و مێژوو و دیدەنیگایەی پڕیەتی لە هزری نائینسانی و بیری ڕاسیزم و تۆی جیاکاری ڕگەزی و ڕقی مەزهەبی و مرۆڤ بە کۆیلەکردن و بەتیرۆرست کردن.

**کۆتایهینان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە. کاری ئێمەمانانێك کە لە پێناو یەکسانی مافو حورمەتی ئینسانەکانو جێخستنی بەهای ئەوان تێدەکۆشین. تیرۆریزمی دەوڵەتی دەبێ بە ڕوخاندنی دەوڵەتانی تیرۆریست کۆتایی پێ بهینرێ. تیرۆریزمی غەیرە دەوڵەیی دەبێ لە ڕێگای کۆتایهینان بەو کوێرەوەریو هەڵاواردنو چەوسانەوەو سەرکوتانەوە لە بەین ببرێ کە ئینسانەکان بەرەو بێ ئومێدی پاڵ پێوە دەنێنو دەیانکەنە قوربانیی ڕەوتو ڕێکخراوە کۆنەپەرستە دژی بەشەریەکان...**

پرسی ژن ؟



بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ” گرنگی بەشداری سیاسی بۆ ئافرەت"

## نوسینی/ دکتۆر ڤیان سلێمان

بەشداری سیاسی ئافرەت بە شێوە فراوان و سەرتاسەرییەکەی، نە تەنیا دەنگدان و خۆ پالاوتن، بەڵکوو بوونی ڕۆڵی کاریگەر لە گشت دەسەڵاتەکان و دامودەزگاکانی جێبەجێ کردن و ناوەندی بڕیار، یەکێکە لە بنەماکانی هەر سیستەمێکی دیمۆکراسی و پێویستییەکی بەڵگە نەویستە بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی نەرم و هاوسەنگ کە بە عەقڵ و دونیابینی هەر دوو ڕەگەز دابڕێژرێت و پیادە بکرێت، نەوەکوو تەنیا پیاو، چونکە بە دڵنیاییەوە سیاسەت پرسێکی گشتییە و شتێک نییە کە تایبەت بێت بە یەکێک لە ڕەگەزەکان.

سیاسەت گرێدراوی ژیانی هەر مرۆڤێکە، ئەمەش لەبەرئەوەی کۆی کایەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن و بڕیاردان کە ژیانی ئێمەی مرۆڤ ڕێک دەخەن بەندن بە سیاسەتەوە، واتە سیاسەت کایەیەکی گرێدراوی کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەیە، سیاسەت حوکمڕانی مرۆڤەکانە، نەوەکوو یەکێک لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ.

نابەرامبەری لە بەشداری و ئامادەیی لە کایەی سیاسەت لە نێوان ئافرەت و پیاو یاخود لاوازی بەشداری ئافرەت بەراورد بە پیاو مێژوویەکی دوورودرێژ و هۆکاری ئابوری و فیکری و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە، نابەرامبەرییەکە بۆ ئەو بنەما نا لۆژیکییانە ناگەڕێتەوە کە بە هۆیەوە ئافرەت لە سیاسەت دوور خراوەتەوە، بەڵکوو وەک بوارەکانی دیکە فاکتەری بایۆلۆجی و سایکۆلۆژی کراوەتە پاساو بۆ دوورخستنەوەی ئافرەت لە سیاسەت و کایەکانی دیکەش.

ئاشکرایە کە لە ئێستادا بارودۆخەکە گۆڕاوە و بەشداری سیاسی ئافرەت هەنگاوی گەورەی بڕیوە، بە تایبەت لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکان.

مایەی خۆشحاڵیمانە کە لە هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتووە و تەنانەت دەتوانین بڵێین لە هەندێک ڕووەوە ئافرەتان قۆناخی بەشدارییان بەرەو هاوبەشی تێ پەڕاندووە، بە تایبەت لە نێو دەسەڵاتی یاسادانان، کەس ناتوانێت نکوڵی لە گرنگی بوونی دوو ئافرەت لە دەستەی سەرۆکایەتی و زیاتر لە سی و چوار ئەندامی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان و ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و دادوەری بەدیهاتوون، بکات. لە هەمان کاتدا ئەوەش دەبینین کە زۆری ماوە ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی بەرەو قۆناغی هاوبەشی بچێت.

بە گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی پشت لاوازی ڕۆڵی ئافرەت لە سیاسەتدا، دەبێت بە دوای چارەسەرییەوە بین، واتە لە هۆکارەکاندا چارەسەری بدۆزینەوە، کاتێک بەشی سەرەکی ئەو نابەرابەرییە دەگەڕێتەوە بۆ نیزامی ئابوری بۆرژوازی و پیاوسالاری کە بە کاریگەری هزری پیاوسالاری بواری بە ئافرەت نەداوە لە سیاسەتدا ڕۆڵی خۆی ببنیت، کاتێک پەروەردە و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن بەو شێوەیە کە سیاسەت پیاوانەیە و تواناکانی ئافرەت بۆ سیاسەت و کاروباری گشتی گونجاو نییە، کاتێک بەشێکی ئەو نابەرابەرییە بۆ خودی ئافرەت دەگەڕێتەوە کە ئەو کایە گرنگەی بۆ پیاو بەجێ هێشتووە، ئەمەش نەوەکوو لەبەر ئەوەی حەزی لە بەشداری سیاسی نییە، بەڵکوو پەروەردەی جێندەری لە خێزاندا بەو شێوەیە ئافرەتی بار هێناوە و بەو جۆرە پەروەردەی کردووە کە گەورەترین ئەرکی ئافرەت ئەوەیە کە هاوسەری باش بێت و منداڵی باش و زیرەک پەروەردە بکات، ئەوا دەبێت لەو سێ ڕەهەندەوە بە دوای چارەسەرییەوە بین، کارکردن بۆ گۆڕینی ئەو تێگەیشتنەی متمانەی بە توانای ئافرەت نییە و سیاسەت بە ئیشی ئافرەت نازانێت، پەروەردە لەسەر بنەمای یەکسانی مرۆڤایەتی، ڕەخساندنی دەرفەت، هاندان و پێگەیاندنی ئافرەت بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی. با لە خودی خۆمان واتە ئێمەی ئافرەت بوەستین و دەبێت بزانین، کە ئەگەر بەشداری سیاسەت نەکەین ئەوا بەشداریش نابین لە بڕیارە ستراتیژییەکان و دیاریکردنی چارەنووسی وڵات و نەتەوە، بەشداریش نابین لە ڕەوتی ڕووداوەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن و پرۆسەکانی دانوستان و ئاشتەوایی، ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانمان ناکرێت و کارڕاییەکان هەلومەرجی ئێمەی ئافرەت لەبەرچاو ناگرن، هەموو ئەوانە دەدەینە دەست پیاو، ئەو کاتە مافی گلەیی و بەرهەڵستیشمان نابێت.

بەو شێوەیە واتە بە گۆڕانکاری لە فاکتەرە بونیادییەکان و پەیوەندی و ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، بەخۆ پێگەیاندن و خۆ ئامادەکردن بە خۆ بە خاوەن زانینی کایەی سیاسی و حیزبایەتی، ئێمە دەچینە نێو سیاسەت و بەشداری سیاسی خۆمان فراوان و کاریگەر دەکەین.

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوكراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

## بەشی یەکەم

### دنیایەکی باشتر

به درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، گۆڕینی جیهان و بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر ئاوات و ئامانجی هەمیشەیی ئینسانەکان بووە. سەرباری برەوی بیروباوەڕە قەدەری و خورافییەکان تەنانەت لە دنیای بەناو مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، بە دینی و غەیرە دینیەوە، کە هەریەکەیان بە جۆرێك جارِ بۆ بێ چارەسەربوون و موقەدەربوونی هەلومەرجی زاڵ دەدەن، ژیانی واقعی و کردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵك هەمیشە بەڵگەی ئومێد و باوەڕێکی قووڵە بەوەی کە ئایندەیەکی باشتر نەك هەر ئیمکانی هەیە، بەڵکو حەتمیشە. ئومێد بەوەی کە دنیای سبەینێ دەکرێ لە بێبەشی و کوێرەوەری و کەموکوڕی و دزێویەکانی دنیای ئەمڕۆ بێبەری بێت، باوەڕ بەوەی کە کردەوەی دەستەجەمعی و فەردیی ئەمڕۆی ئینسانەکان، دەور دەگێڕێ لە دیاریکردنی چۆنێتی دنیای سبەینێدا، مەیلێکی ڕیشەدار و بەهێزە لە کۆمەڵگە کە ژیان و هەڵسووکەوتی جەماوەری فراوانی خەڵك ئاراستە دەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرلە هەرشتێك سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، بۆ ئومێد و باوەڕی ئینسانە بێشوومارەکان و وەچە یەك لە دوای یەکەکان بەوەی کە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەرووری و مومکینە.

**ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی**

بێگومان دیدی هەمووان بۆ ژیانێکی خوازراو و دنیای ئارەزوو وەك یەك نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە درێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمیشە هەندێ چەمك و دەستەواژە بە وێنەی پێوانەی بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەشێوەی جۆراوجۆر بەرجەستە و دووبارە کراونەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئیتر بە وێنەی کۆمەڵێك چەمکی پیرۆز لە کەلتووری سیاسی جەماوەری خەڵك لە سەرانسەری جیهاندا جێگای خۆیان کردۆتەوە. ئازادی، یەکسانی، دادوەری و خۆشگوزەرانی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم مەحەکانەدان.

ڕێك هەر ئەم ئاوات و ئارەزووانە بنچینە مەعنەویەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێکدەهێنن. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە بۆ گۆڕینی جیهان و بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و ئینسانی و خۆشگوزەران.

**خەباتی چینایەتی: پرۆلیتاریا و بۆرژوازی**

بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستەی ڕیفۆرمخوازانی خۆشخەیاڵ و قارەمانانی تاسەی ڕزگاریی مرۆڤایەتی نییە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ئەلگۆ و گەڵاڵەیەکی دەرهاویشتەی مێشکی کۆمەڵێك حەکیمی خێرخواز نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخەوە هەڵدەقوڵێ و ڕەنگدانەوەی ئاسۆ و ئامانج و نارەزایەتی بەشێکی گەورەی هەر ئەم کۆمەڵگەیەیە.

مێژووی تێکڕای کۆمەڵگەکانی تا ئێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتیە. مشتومڕێکی بێوچان، تاوێك ئاشکراو تاوێك نهێنی لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ستەمگەر و ستەمدیدەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەمیشە لەئارادا بووە. ئەم مشتومڕە چینایەتیە سەرچاوەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگە.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی پێشووەوە کە بەگشتی لەسەر بناغەی پلەبەندیەکی چینایەتی و توێژبەندیەکی ئاڵۆز دامەزرابوون، کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداری دابەشبوونی چینایەتی زۆر سادە کردۆتەوە. کۆمەڵگەی هاوچەرخ، سەرباری هەمەچەشنیی فراوانی پیشەکان و کاردابەشکردنێکی بەرین، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری دوو ئۆردوگای چینایەتی سەرەکی بنیاتنراوە کە بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستاون: کرێکاران و سەرمایەداران، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی.

لە بنەڕەتدا سەرچاوە و بنچینەی هەموو کێشمەکێشە ئابوری و سیاسی و حقوقی و فیکری و کەلتووریە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان ئەم دوو ئۆردوگایە. نە تەنها ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە، بەڵکو تەنانەت ژیانی کەلتووری و فیکری و زانستیی ئینسانی ئەمڕۆش کە بە ڕواڵەت وەکو قەڵەمڕەوی سەربەخۆ و سەرو چینایەتی دێتە بەرچاو، مۆری ئەم ڕیزبەندیە سەرەکیەی کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەدارییان پێوەیە. ئۆردوی پرۆلیتاریا، ئۆردوی کرێکاران، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕ و ئامانج و مەیل و حیزبە جۆراوجۆرانەی کە تیایدایە، نوێنەری گۆڕین یان باشکردنی ئەم نیزامەی ئێستایە بە قازانجی جەماوەری بێبەش و ستەمدیدەی کۆمەڵگە. ئۆردوی بۆرژوازیش، دیسانەوە بە هەموو ڕێباز و حیزبە سیاسی و بیرمەند و شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانیەوە، خوازیاری پاراستنی کۆڵەکەکانی ئەم وەزعەی ئێستایە و لە بەرامبەر گوشاری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی کرێکاریدا بەرگری لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵات و ئیمتیازاتە ئابوری و سیاسیەکانی بۆرژوازی دەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتە چینایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕیزێکە لە ئۆردوگای پرۆلیتاریا. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە بۆ ژێرەوژوورکردنی نیزامی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوە.

**ماویەتی**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# بەجێهێشتنی شوێن لەزەمەنی گەڕانەوەی کەژاڵ ئەحمەد دا

## شرۆڤە: جەمال نوری

هیچ ڕووداوێک نییە، بەدەر بێت لە "زەمەن شوێنێک." چونکە ڕووداو ڕوونادات ئەگەر شوێنێک نەبێت وەک سەر زەمینی ڕوودانی، هاوکات کاتیش وەک کردەی ئەنجامدانەکە. بۆیە لە شیعری (ڕۆشتنی چەقیوی کەژاڵ ئەحمەد) لەپاڵ زەمەن، شوێنیش دەبینینین. چونکە شاعیر لەشیعرەکەیدا، ئاماژەی بە چەندین شوێن داوە، کە پەیوەستن بە (ژیان و بوون و مەودای تەمەنی ئەو، لەوشیعرەشدا، شاعیر لە پاڵ زەمەن، ئاماژەی بە چەندین شوێنیش داوە. وەک: زەمەن و شوێنی چاندنی گوڵەکان، زەمەن و شوێنی (ئەو مندالانە بەجێ دەهێڵێ کەبوونی)، زەمەن و شوێنی ناسینی ئەو مرۆڤەی کە ناسوێتی و هاوبەشی ژیانێتی بۆ ئەبەدیی لەو کۆپلە شیعرەدا شاعیر، وەک چەمکێکی دەروونی کە پەیوەستە بە قۆناغی گەشەکردنی ژیانی، کە ئاماژەیە بۆ شوێنێکی نادیار). وەک لێرەدا دەڵێ هەمیشە دڵخوازی ئێمە لەو شوێندا بەجێدەمێنێت کەڕۆحمانی پێوە بەندە هەموو ئەو شوێنانەش پەیوەندییان، بەو زەمەنەوە هەیە، کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەرجەستەی کردوون.

"کات، شوێن، ڕووداو " پەیوەستە بەچرکە ساتەکانی زەمەنێکی دیاریکراوەوە، کە ژیانیش بەشێکە لە پراکتیزەکردنی چەندین ڕووداوی جۆراو جۆر، بەڵام دەبێ خودی ئەو ڕووداوانە، هاوشێوەی زەمەنەکە، شوێنێک هەبێت بۆ ڕوودانیان.

بە دەربڕینێکی تر، هیچ ڕووداوێک نییە، بەدەر بێت لە زەمەنێک، شوێنێک. چونکە ڕووداو ڕوونادات ئەگەر "شوێنێک" نەبێت وەک سەر زەمینی ڕوودانی، هاوکات" کاتیش" وەک کردەی ئەنجامدانەکە.

**شاعیر لەسەرەتای دەقە شعرەکەیدا دەڵێ**

**دڵ حەز بەمانەوە دەکات**

**ئەگەرچی ناچاری ڕۆشتنە**

وەک دەبینین هەستێکی خاکپەرستی و نیشتمانپەروەری لە دڵیدا چەکەرەدەکات، هەر کاتێک لەم بستە خاکە دوور دەکەوێتەوە، کە لای ئەو بەهاو پیرۆزی هەیەوسەدان ئەوەندەیتر ئەم خۆشەویستییە گەورەتر دەبێت، ئەگەرچی ئەم دوور کەوتنەوەیە بە ویست وحەزی خۆی نەبێت و بەهەر هۆکارێک بێت لێی دوور کەوتبێتەوە .

**پارادۆکس لە زمانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد ..**

**گەر سەرنج بدەینە ئەم دوو دێڕە شیعرەی کەژاڵ ئەحمەد جورێک لە پارادۆکس دژە مانا دەبینین وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە ..**

**دەڕۆین و لەشوێنی خۆمان**

**نەجوولاوین**

لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەو دژە مانای وشەیە دەکات لەلایەک دەڵێت دەڕۆین، بەڵام لەشوێنی خۆمان نەجوڵاوین ئەم شێوەیە لەپارادۆکس هەڵگری زادەی تێڕامان و تێفکرینە بۆ ئێمەی موتەلەقی، چون شاعیر کاتێک دەلێ دەڕۆین، بەڵام لەشوێنی خۆمان نەجوڵاوین، ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێ هیچ گۆرانێکی کیمیکی ڕوینەداوە، بەڵکو ئەوەی ڕوویداوە ڕودانێکی فیزیکییە ئەم جۆرە ڕوودانەش وەک لەجێگای خۆماندا بین ئەوەایە بەچەشنی سووتانی مۆمێک، کاتێک مۆمەکە دادەگیرسێنین ئەوا مۆمەکە لەشێوەو قەبارەی خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لەڕووی پێکهاتەو شونی مۆمەکەوە ئەوا هیچ ڕووینەداوە و وەک خۆی ماوە،

**شاعیر کەدەڵێ :-**

دەڕۆین و لەشوێنی خۆمان نەجوڵاوین بەومانایە دێت وێڕای ئەوەی ویستومانە گۆڕانکاریەک لە هزری خۆماندا ئەنجام بدەین، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زەمەنێک، وەلێ هێشتا لەشوێنی خۆمان نەبزواین، ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە لەسیاقی ئەو (زمەن شوێن)ەی لەپانتای دەقدایە، بەڵام لە دەروونی ناوەوەی شاعیردا دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەو زەمەن و شوێنەی کە لەدەستپێکدا لەناخدا چەسپیوەو چەقیوە و ڕەگی داکوتیوە سەیرە خومان لە شوێنیک و ڕەگمان لە شوێنێکی دیکە چەقیوە !






**ڕۆیشتنی چەقیو**

**کەژاڵ ئەحمەد**

**دڵ حەز بەمانەوە دەکات**
**ئەگەرچی ناچاری ڕۆشتنە..!**
**ئەوەتا ئەو درەخت و گوڵانە**
**بەجێدەهێڵێ و سەفەر دەکات**
**کە چاندوونی!**
**ئەو منداڵانە لەماڵەوە بەجێدەهێڵێت**
**کە بوونی!**
**ئەو ژنە بە تەنیا بەجێدەهێڵێت**
**کە بە هاوبەشی ئەبەدیی**
**ژیانی هەڵیدەبژێریت !**
**هەمیشە دڵخوازی ئێمە**
**لەو شوێنە بەجێدەمێنێت**
**کە روحمانی پێوە بەندە**
**دەڕۆین و لە شوێنی خومان**
**نەجووڵاوین**
**سەیرە خۆمان لە شوێنێک و**
**ڕەگمان لە شوێنێکی دیکە چەقیوە !**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا



# پیرۆز یان پیزە!!

ـ "ئەرێ ئەوە تۆ پیاوێکی عاقڵی، کەلیمەی پیرۆز یەعنی چی؟"

ـ "جا تۆ چوزانی من عاقڵم؟"

ـ "وەڵا بڵێم چی وام بیستوە، دە تۆ پێمبڵێ پیرۆز یەعنی چی؟

ـ "یەعنی پیزە"

ـ "هەتیو پیزەی چی، پیزە ناوە ناو"

ـ "ئێ ئەزانم ناوە، بەڵام پیزە نیوەناوی پیرۆزە، وەکو حەمەو سەعەو خلەو فاتەو ئەوانە... جا تۆ مەعنای پیرۆزت بۆچیە؟"

ـ "چووزانم، ماوەیەکە ئەم فەیسبوکە دوابڕاوە پڕ بوە لە کەلیمەی پیرۆز، ئەم ئەڵێ مەکەومەدینەو کەعبەو مەعبەو شتیوا پیرۆزە، ئەو ئەڵێ نەوەڵڵا دێکەی خۆمان و ئەوی تر ئەڵێ نەخێر کۆڵانەکەی ئێمەو، یەکێکی تر ئەڵێ کوردستان و ئائەو شتانە، دوێنێیش دراوسێکەی پشتمانەوە ئەیوت: جێپێی قلە چاوڕەشەکەی خۆم بە عەرزو عاسمان ناگۆڕمەوە"

ـ "جا تۆ هەقت چیە بەسەر ئەو خەڵکەوە چیەڵێن و چیناڵێن"

ـ "یەعنی لای تۆ مەکەوەدینەو شت پیرۆز نیە؟"

ـ "لای من پیرۆز پیزەیە پیزە، پیرۆزی چی و قسەی قۆڕی چی، هیچ شتێک پیرۆز نیە"

ـ "هەر هیچ هیچ؟"

ـ "هەر هیچ هیچ و ئەولاتریش"

ـ "ئەولاتر کوێیە؟"

ـ "لا حەولە وەلا قوووەتە ئیللا بیللا، بابە ئەوەی بە تۆی وتوە من عاقڵم، سەری یای لە بەرد باشە"

**ئارام حەسەن**



# گرینگی و پیرۆزی لەهەبوونی ماف دایە!!

عبدالرحمن رسول

مرۆڤ کە هاتۆتە سەرزەوی بۆ ئەوە هاتووە کە ئاسوودە و دوور لەئازاردان و چەوسانەوە بژی. گرینگ ئەوە نییە چۆن مرۆڤ دروست بوووە و چۆن هاتۆتە سەرزەوی و چۆن زەوی بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە, ئەمانە بابەتی مێژوویی و زانستین ئەکرێت خودی مرۆڤ بەردەوام بەگەشەدان بە ئەندێشەی بیرکردنەوەکانی لەبارەی دروستبوونی زەوی و مرۆڤەوە هەنگاوی باشتر بنێت بە گفتوگۆ و پرسیارو گەڕان بەدوایی وەڵامەکاندا.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە مرۆڤ برسی نەکرێت و بێکارو سەرکوت نەکرێت و نەچەوسێتەوە و بێماف نەکرێت و بەشێوەیەکی یەکسان دەستی ڕابگات بەسەرجەم داهات و سامانە ماددی و مەعنەوییەکان کە لەکۆمەڵگەکەدا هەیە .

مێژوویی مرۆڤایەتی ئەوە دەسەلمێنێت کە هەمیشە بەدوای ژینگەیەکی خۆشگوزەران و ئاسوودە و ئارام کۆچی کردووە بۆ مانەوەی لەژیان. لەسەردەمێک لەمێژوودا لەناو ئەشکەوت و دارستانەکان ژیانی کردووە دواتر بەهۆی گەشەی وشیاری شوێنی شێوەو جۆری ژیانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کشتوکاڵی کردووە و دواتر کارگەی داهێناوە و بەرهەمی جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە. هەموو ئەمانەش بەهۆی گەشەی وشیاری مرۆڤەکانەوە بووە کە بەرهەمی بیرکردنەوەی باشتر بووە.

کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی سەرکوت چەوسانەوە و نایەکسانی بیروباوەڕی دینی و قەومی وڵاتەکانیان بەجێ هێشتووە، نەک تەنها خۆیان، بەڵکو کوڕو نەوەکانیشیان لە وڵاتێکی جیاواز لەشوێنی لەدایکبوونیان دەژین کە لەگەڵ نەتەوە و ئایین و ڕەنگی پێستی جیاوازدان، بەڵام ئاسوودە و ئارام و ئازاد و خۆشگوزەرانن لەژیان و نەوەکانیان هەرگیز بیر لەگەڕانەوە بۆ نیشتیمانی باوک وباپیریان ناکەنەوە، چونکە نایانەوێت وەکو باوک وباپیرانیان جارێکی تر ئاوارەبن. ئەگەر منالێک برسی بێت بیروباوەڕو دین و نەتەوە هیچ نرخی نییە، کاتێک مرۆڤێک لەتکە نانێکی دەداتێ هەرگیز منالەکە نالێت ئەم نانە هی چ نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕێکە لەبەرئەوەی ئەوەی بەلاوە گرینگە پاراستنی سەلامەتی ژیان و بەردەوام بوونی ژیانێتی بەئاسوودەیی، نەک جۆری بیروباوەڕو دین و نەتەوە.

بەدڵنیایی مرۆڤایەتی هەر بەم جۆرەش هەنگاوی ناوە کە هەمیشە بەجۆری ئەندێشەو بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی لەبواری زاست و زانیاری و زەویناسی باشتر و جوانتر هەنگاوی ناوە مرۆڤایەتی.

بەڵگە بەرجەستەکان باشتر ئەوە دەسەلمێنن کە هێزی مرۆڤ لەبیرکردنەوە و داهێنانی سوودبەخش و زانست و زانیاری باشتر هیچ کات و ساتێک ناوەستێت، ڕۆژانە و ساڵانە لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێ بیستی هەواڵی نوێی زانستی و ئەستێرەناسی و زەویناسی و مرۆڤ ناسی دەبینەوە کەوایە گەشەی شەپۆلی فێربوون هیچ کات ناوەستێت و هەمیشە ئێمەی مرۆڤ بە زانیاری و زانستی نوێ سوود بەخش دەکات دەرئەنجامی ئەمەیە کە پێویستە ئێمەی مرۆڤ هەرگیز لە فێربوونی زانست و زانیارییەکان نەوەستین بۆ ئەوەی سوودمان زیاتر بۆ ژینگەو مرۆڤایەتی هەبێت.

خوێنەرانی ئازیز ئەمەوێت بە پرسیارێک بچینە ناو بابەتەکەمانەوە بۆئەوەی تەنها وەک خوێنەرێک بابەتەکە نەخوێنیتەوە، بەڵکو هەر یەکەمان بیرکردنەوەمان ئاراستە بکەین بە وەڵامی پرسیارێک ئەویش ئایا مرۆڤ گرینگترە یان ئامێرەکان؟ ئایا مرۆڤ گرینگترە یان بیروباوەڕەکان؟ ئایا مرۆڤ گرینگترە یان ژینگە؟ یەک پرسیاری تر کە کۆی پرسیارەکانی تر بەرەوڕووی خۆی ئاراستە دەکات ئەویش ئایا کە مرۆڤ نەبێت لەژیان ئەمانە (بیروباوەڕەکان و دینەکان و ژینگە و ئامێرەکان نرخ بەها و گرینگییان چییە؟ کەوایە وردتر با بیربکەینەوە پێکەوە کە وەڵامێکی ئەرێنی و سوودبەخش بۆ مرۆڤایەتی بدەینەوە.

لەشوێنی خۆمان لەماڵین یان لەکار با سەیریکی ژینگە و شێوەی ژیانمان بکەین، ئەوجا وردتر دەرک بەوەڵامە دروستەکە دەکەین. ئەو ژینگە و شێوەی ژیانەی هەمانە بۆ مانەوەی ئێمەی مرۆڤە، هەرکاتێک ئێمە لەشێوەی ژیان و جۆری ژینگە نەمان توانی ئاسوودەبین کەوایە دەبێت بیربکەینەوە بۆئەوەی هەنگاوبنێین بۆئەوەی جۆری ژیان و شێوەی ژیانمان بگۆڕین بەرەو باشتر، ئەمەش لەبەرئەوەی خودی خۆمان وەکو مرۆڤ بەلاوە گرینگ و بەبەیاخە. هەروەک نموونەی منالە برسییەکە ئێمەش کە ژیانمان ناخۆش بێت و پێویستە تێکۆشان بۆ باشتربوونی ژیانمان بکەین لەگەڵ هاوچارەنووسەکانمان دەستی یەکتری بگرین بەبێ ئەوەی سڵ لەهەبوونی جیاوازی دینی و نەتەوەیی و بیروباوەڕ بکەینەوە.

مرۆڤ کاتێک لەژینگەیەکدایە نائارام و مەترسی لەسەرژیانی هەیە ناچارە هەنگاوبنێت بۆ ئەوەی ژینگەکەی ئارام بکاتەوە، بەڵام ئەگەر نەی توانی زیاتر مەترسییەکانی زیاتر بوو بەناچاری ڕێگای کۆچ دەگرێتە بەر بۆ ژینگە و شوێنێکی ئارام و باشتر .


لەلایەکی ترەوە خودی ئاستی ژیری و وشیاری مرۆڤ ڕۆڵی گرینگ دەبینێت بۆ هەست کردن بەرپرسیارێتی لە پاراستنی ژینگەی جوان و مرۆڤایەتی. سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ بەرنامەیەکی بەپلان لەلایەن دەسەڵاتە ملهوڕەکانی سیستەمی سەرمایەداری کە لەهەر گۆشەو کەنارێکی ئەم جیهانە تووشی قەیران و کێشەبوون پەنا بۆ زیندووکردنەوەی بیروباوەڕە ئەفسانەیی و کۆنەخوازییەکان دەبەنەوە، بەئامانجی دابەشکاری و سازکردنی کێشە و ململانێی لەنێوان هاوڵاتیانی کۆمەڵگەدا، لەهەر کۆمەڵگەیەو بەجۆرێک نمایش و کاری لەسەر دەکەین. لە عێراق و ئێران و کوردستان و تورکیا زیاتر دەسەڵاتە ملهوڕەکان کار لەسەر نمایشە مەزهەبی و سۆزە دینی و نەتەوایەتی و خێڵایەتییەکان دەکەن. واتە بەجۆرێک کە ئامانجیان ئەوەیە یەکگرتویی نارەزایەتییەکان بەرامبەر دەسەڵاتیان پەرتەوازە بکەن و ئاراستەی ململانێ ناوچەیی و دینی و فکرە کۆنەخوازییەکانیان بکەن.

کاتێک دەپرسن فلان شارە یان ناوچەیە بەبەیاخترو پیرۆز ترە لە فلان ناوچەو وڵات؟ ئەو پرسیارە زۆر هیچ و بێ سوودە و تەنها بۆ دەمەزەنکردنەوەی کۆنەپەرستی یە، لەبەرئەوەی خودی پیرۆزکردنی شوێن هەرشوێنێک بێت کە مرۆڤ مافی پارێزراو نەبێت و ئازاد و خۆشگوزەران نەبێت بە مانایی گەمژەیی ونەزانینە. ئەمەش لەبەرئەوەیە مرۆڤ لەهەموو شتێک بەبەهاترو بەنرخترە، کە مرۆڤ نەبێت ئەوانی تریش هیچ بەها و نرخیان نییە. هەرگیز دەسەڵاتی چەوسێنەر بەگرینگی باسی کرێکارێکی ماندوو ناکات کە باش دەزانێت کاری کرێکارەکە کە لەهەربوارو جۆرێکدا بێت ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گەشەدان بە کۆمەڵگە بەرەو ئاوەدانی و باشترو جوانی، ئەزانی بۆچی دەسەڵات گرینگی بەکرێکار نادات؟ لەبەرئەوەی کاتێک بە گرینگی باسی کرێکارێکی دەست و پەنجە قڵیشاو بکات ئیرادەی ئینسانی بەهێز دەبێت، دواتر دەرئەنجام بەگژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە، هەرئەمەش هۆکارە بۆیە بەردەوام بەجۆرێک باسی کرێکار دەکات وەک زەلیل و بێ ئیرادەیەک لەژیان و کرێکارێکی فەقیرو نەزان، ئەمەش بۆئەوەی هەرگیز کرێکار هەنگاو بۆ ڕێکخراوبوونی نەنێت. ئەگەر هەر هەنگاوێکیشی نا بۆ ڕێکخراوبوونی بەزوویی ڕێگری و لەمپەری بۆساز دەکات یان خۆی سەندیکایەکی بۆ دادەمەزرێنێت بۆئەوەی زنجیرەکانی پێی کرێکار بەهێزتر بکات و بێدەنگ و زەلیلی زیاتری بکات. با بە ویژدانەوە بەراوردێکی خێرا لەنێوان دوودەستدا بکەین، یەکیان کە ئەم دەستەیە کە جوانییەکان دروست دەکەن و کۆمەڵگە ئاوەدان دەکەنەوە و تەنها بەهۆی ماندووبون و زەحمەتکێشی خۆیانەوە ژیان وگوزەرانی خۆیان بەڕێ دەکەن، ئەمانە بریتین لەدەستە جوان و بەنرخ و پیرۆزەکانی کرێکار .

بەڵام دەستانێکی تریش هەن کە جگە لە تالانی و دزی و لوشدانی سامان و ئازاردانی مرۆڤەکان هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێت. ئەوەیە چەوسانەوەو نایەکسانی و نادادپەروەری. بۆ ڕاگرتنی پایەکانی چەوسانەوە دەسەڵات دێت دەمەزەدی کۆنەخوازی دەکاتەوە باسی پیرۆزی جۆری شوێن و ئاڵا و دین و نەتەوە بەگوێی خەڵکی کۆمەڵگەدا دەدەن. ئەمەش بۆ داپۆشینی تاوانەکانیانە. سەرجەم موبەلیغان و بانگەوازانی دینیش کەدەسەڵاتی چەوسێنەر پشتیوانیان دەکات بەردەوام بەرگری لە دەسەڵات دەکات دزی و گەندەڵی و تاوانەکانی دەسەڵات دادەپۆشن و بیانوویان بۆ دەهێنەوە، بەڵام کەمترین پشتیوانی لە ڕێکخراوبوونی کرێکارانی ماندوو ناکات کە بتوانن ژیانیان بەرەو باشتر بگۆڕن. ئەوانیش دێن زۆر بەزەلیلی و تێکشکاوی باسی ژیانی کرێکار دەکەن بۆئەوەی خەڵک خێرو سەدەقەیان پێ بکات نەک پشتیوانی هێنانەدی ماف و دابینکردنی بیمەی بێکاری وسەلامەتیان بێت.

لەباشووری کوردستان خۆیان دەسەڵات ئازاری هەمان جۆر لەنەتەوە دەدەن و جیاکاری و چەوسانەوە و نایەکسانی لەبەرامبەر خەڵکی هەمان نەتەوە و زمان کە بەپیرۆزو گرینگی دەزانن گەشە پێدەدەن لەژێر هەمان جۆرئاڵا و ڕەنگ کە بەردەوام دەم دەکەنەوە بژی بژی بۆ ئاڵا و هەمان نەتەوە دەکەن کەچی سەیر دەکەیت زۆرینە...

بۆ لاپەڕە 11



# ئامانج نوری: ئەو دوو دەسەڵاتە حزبیی وبنەماڵەییەی کوردستان بونەتە ئەداتی هەڵهێنجانی کەرتی وزە لەم هەرێمە بەقازانجی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان و کۆمپانیاکانیان...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئامانج نوری چالاکی سیاسی، سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئاینندە سیاسیەکەی....

**بۆپێشەوە: هۆکاری پاشەکشەی ئەندام پەرلەمانەکانی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق چییە؟ چۆن دەڕواننە بڕیاری رەوتی سەدر بە پاشەکشە لە پرۆسەی سیاسی عێراق!!؟ وە ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**ئامانج نوری:** یەکەمین، صەدر سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانی عیراق بوو، ئەو ژمارە کورسییەی چنیەوە لەهەڵبژاردنەکاندا. بەردەوام بوایە لەو پەرلەمانەو حکومەتەکەی، بنکەی جەماهیریی لەدەست ئەدا.

دوهەمین، جیاوازیی مەزهەبەبی لەگەڵ وەلائیەکان هەبوو لەمەنجەڵێکدا نەئەکوڵان، ئەوە ١٨ ساڵە دژایەتی یەکتر ئەکەن،

سێهەمین، صەدر هەستی کردووە کەسیستانی چۆتە تەمەنەوەو کاریگەریی رۆژ دوای ڕۆژ بەرەو دوایە، خۆی بەخاوەن ڕەگ وڕیشەی قووڵ ئەزانێت لەناوشیعەکاندا، ئارەزووی بوون بەمەرجەع ئەکات لەعیراق.

چوارهەمین، کەوتە ژێر فشاری سیستانی و ئێران وئەمریکیەکان.

ناچار بۆ دەربازبون ومانەوەو ئامادەکاریی بۆ قۆناغێکی تر، کشایەوەو پەنای بردە بەر پێگەی بنەماڵەیی خۆیی و شوێنکەوتووانی کە مەزەندە ئەکرێن بە ٣ ملیۆن کەس.

دابەشبوونی لایەنە سەرەکیەکانی هەرێم بەسەر ئەو دووبەرەیەدا، لەبەغدا، دۆخی هەرێمی شڵەقاند، ئێرانیش لەبەرامبەر لەتکردنی ماڵی شیعە دەستی وەردایە هەرێم و فشارەکانی زیاد کرد.

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان تادێت بەرەو خراپی دەچێت، لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد، یاماژە بەزیادبوونی مەترسییەکانی سەر هەرێم دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی و تا چەندە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم هەیە؟**

ئامانج نوری: هەرێم بازنەی هاوبەشی بەرژەوەندی وتەماعی ئێران عێراق و تورکیایە، لەڕووی وزە وخاک ونفوزەوە، **بۆیە هەرکات هەرێم ببێتە بەشێک لەصیراعە ناوخۆیی وئیقلیمییەکە، ئەوا ئەکەوێتە بەردەم هەڕەشەو فشاری لایەنێک یان دوان لەو لایەنانە.. ئەوەش دابەشبونێکی ناوخۆیی نوێ لەناو هەرێم کارا ئەکات.**

**بۆپێشەوە:** لە ڕوانگەی ئێوەوە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم یانی چی؟ ئایا مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هەیە یان لەسەر خەڵکی کوردستان؟

ئامانج نوری: بەبڕوای من مەترسی سەرەکی بۆ سەر خەڵکی کوردستانەو لەسەر جوگرافیای هەرێم و پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەتی، "بەدەست شۆڤێنیزمی عەرەبیی و تورکییەوە"، بەڵام، ئەوەی کەپەیوەندی هەبێت بەبنەماڵەکانی حوکم لەکوردستان، "کەناتوانین پێیان بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردیی"، مەترسی لەسەر مانەوەو دەسەڵاتی ئەوان و بەرژەوەندیە ئابوریەکانیانە. لەکێڵگە نەوتیی و گازییەکان و خاڵە گومرگییە سنوورییەکان،

بینیشمان کە خەڵک وخاک و نەتەوەو سیستمی سیاسی و دیمۆگرافیای دانیشتوان هیچ بەلایانەوە گرنگ نەبووە، بەنمونە؛ هەردوو لا لە ٢٠١٦ دا پێشکەشیان کرد بەقاسمی سلێمانی وسوپای عیراق!

**بۆپێشەوە: ئایا هەرەشەی سەر هەرێم، پەیوەندی بە چونەسەری ململانێی نێوان بەغداو هەرێمەوە هەیە، یان هۆکاری تری فراوانتری جیهانی و ناوچەیی لەپشتەوەیە؟**

**ئامانج نوری:** ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئەجێندای فراوانخوازیی تەشەیوعیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، بەشێکیشی بەصیراعی تەئریخی ئمپراتۆریەتی تورکی وفارسییەوە هەیە، لەشەڕی چاڵدێرانی نێوانی سەفەویی و عوسمانلی بوو، ئێستەش هەردوو جەمسەری ئێرانی شیعی و تورکیای ئیخوانیزم، نمایندەی ئەکەن لەبەرگێکی نوێدا.

ئەمڕۆ ئەو دوو جەمسەرە ڕەوتی شۆڤینزمی عەرەبی تەوزیف ئەکەن بۆ بەردەوامیی ململانێیان، لەهەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

ڕووسەکانیش لەونێوەندەدا لەپشت پەردەوە کار ئەکەن هەتا ئەگاتە ڕۆژئاوای کورستان، **بەمەبەستی هاتنە ناو خۆرهەڵاتی ناوەراست بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەک لەسووریا کردیان، کە ئێستە بنکەیەکی سەربازیی تاقانەو خاوەن نفوزیان لەوێ هەیە.**

**بۆپێشەوە: لە ئێستادا پرسی نەوت و غاز وەکو کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا، دەرهاویشتەی چییە؟ تاچەندە لاتان وایە دەستی بۆرژازی کورد لە دۆسیەی نەوت و غاز دوردەخەنەوە؟ ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراقی دەبێت؟**

**ئامانج نوری:** پێچەوانە، ئەو دوو دەسەڵاتە حزبیی وبنەماڵەییەی کوردستان بونەتە ئەداتی هەڵهێنجانی کەرتی وزە لەم هەرێمە بەقازانجی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان و کۆمپانیاکانیان، ئەگەر نا؟ لەکوێی دنیادا بووە نیوە زیاتری داهات لەوەبەرهێنانی کەرتی وزە، بڕوات بۆ کۆمپانیاکان ودەوڵەتانی دراوسێ؟! ئەوە وازحە. ئەوان ئەهێڵنەوە بۆ بەردەوامیی و ئێرانیش داوای بەش ئەکات.

**بۆپێشەوە: چارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان لە ململانێکانی نیوان دەسەڵاتی بۆژوازی عیراق و کوردستاندا، چی بەسەر دێت و چ کاریگەریەکی دەبێت؟**

**ئامانج نوری:** بەم وەتیرەیە بەردەوام بێت، دۆخی ئابووری هەرێم هەر لە"رکود"دا بەرەو خواردێت، ئاستی گوزەرانی خەڵک لەمەترسیدا ئەبێت، بەتایبەت کەکەرتی گشتی بەتەواوی ئیفلیج کراوەو بەرەو لەناوچوون ئەچێت، لەسێبەری کەرتی تایبەتی توێژی مشەخۆری هەڵتۆقیوی نوێ، کە خراپترین و دڕندەتریشە لە قۆناغی سەرمایەداریی بێ ڕەحم، کەدەسەڵاتداران پشتگیریی وشەریکایەتییان ئەکەن. بەبۆچوون و تەقییمی من لەگەڵ هیچ کام لەپێوەرو سیستمەکانی سەرمایەداریدا یەکناگرێتەوەو "مافیاگەرییە".

مافیا ئیقتیصادییەکان بەموبارەکەی مافیا سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، بەردەوام ئەبن لەمژینی تواناو داهات لەسەر حسابی ژیان وگوزەران و تەندروستی و ئەمنی کۆمەڵگەکەمان. ڕووناکیی وبڕست لەهێزی ئەبرن، ئەوەش لەبۆشایی و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنە چەپ و دیموکراتە ڕاستەقینەکاندا.

ئەوەی پەیوەستە بەعیراق، دۆخێکی ناجۆرە بەدەست مەراجعە مەزهەبی و تائیفییەکان و مافیاکانیان لەحکومەت ومیلیشیا مەزهەبییە جۆراوجۆرە چەکدارەکانیان، عێراق هەر لەسایەی نەبوونی فیعلیی دەسەڵاتی دەوڵەت و قانوندا، کۆڵەوارکراوە، هەرێمیش گیرۆدە بووە.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، دەکرێ وەکو سەرەتای کۆتاییهاتنی دەورەی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد تەماشا بکرێت؟**

**ئامانج نوری:** هەرگیز ئەوە نییە، بەڵکو پاشگەزبوونەوەی ئەحزابی سیاسی عیراقە، لەبنەماکانی دەستوورو سیستمی فدراڵی ئیختیاریی و فرەیی، کەهەر لەبنچینەدا شکستی هێناوە، ئەوەش وەک پێشتر باسمانکرد بەهۆکاری فاکتەرەکانی ئێرانی و تورکییە، ئەگەر نا، لەمانە باشتریان دەستناکەوێ بۆ سەوداو مامەڵەو تەسلیمبوون!

**بۆپێشەوە: ڕۆژانە ڕووداو و سیاسەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی کاریگەریان لەسەر هەلومەرجی پرۆسەی سیاسی لە عێراق کوردستاندا دەبێت. بەڕای ئێوە وەڵامی پێویست و ڕێگەچارەی واقعی چیە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەشمەینەت و هەژار لە کوردستان بەتایبەت.**

**ئامانج نوری:** چارەسەر، گەڕانەوەیە بۆ پێکهێنانی بزوتنەوەو حزب و ڕێکخراوی نوێی کارا، دوور لەئەجێنداکانی دەوروبەر، لەسەر بنەمای چەپ و دیموکرات، کەخاوەنی ڕوئیاو فەلسەفەی نوێی حوکمداریی سیاسی و ئیدارەدان بن،

پێکهێنانی دەسەڵاتی خەڵکە، بۆ ئیدارەدان و دەوڵەتداریی، وەلانانی دەسەڵاتی قەبیلەو بنەماڵەو خێزانە، کەبتوانێ کەرتەکانی وزەو کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردەو ڕۆشنبیریی و ئەمنی و سەربازیی، سەرلەنوێ دروستبکاتەوە، لەسەر بنەمایەکی نیشتمانیی، هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعی و قەزائی، کەبتوانێت دادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی فەراهەم بکات، جیاکردنەوەی دینە لەدەوڵەت..

> **چارەسەر پێکهێنانی دەسەڵاتی خەڵکە، بۆ ئیدارەدان و دەوڵەتداریی، وەلانانی دەسەڵاتی قەبیلەو بنەماڵەو خێزانە، کەبتوانێ کەرتەکانی وزەو کشتوکاڵ و تەندروستی و پەروەردەو ڕۆشنبیریی و ئەمنی و سەربازیی، سەرلەنوێ دروستبکاتەوە، لەسەر بنەمایەکی نیشتمانیی، هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعی و قەزائی، کەبتوانێت دادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی فەراهەم بکات، جیاکردنەوەی دینە لەدەوڵەت ...**

## درێژەی....گرینگی و پیرۆزی لەهەبوونی ماف دایە

خەڵک لەهەمان نەتەوە لەژێر هەمان ئاڵای و جۆری دەسەڵاتی نەتەوەیی کە بەپیرۆزی دەزانن دەچەوسێنەوە و ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن و بەناچاری کۆمەڵگەی کوردستان بەجێ دەهێڵن و ئاوارەیی دەگرنە بەر.

لەکوردستان خەڵک دەچەوسێنەوەو دزی لەخەڵک دەکەن دواتر بۆئەوەی دزییەکە داپۆشن دەڵێن فلان شار لەفلان شار پیرۆزترە خەڵکیش لەجیاتی بیر لەڕزگاری لەدەست ئەم دزانە بکەنەوە!! بێ ئاگایانە خەڵکی چەوساوە سەرگەرم بووە بە وەلامدانەوە هیچەکانیان. ڕاستی ئەوەیە هیچ لەوەلامەکانیان ژیانیان باشتر ناکات! خەڵکی نارازی دەبێت وشیاربێت کە تەنها خۆی وەک مرۆڤ گرینگە و بەبایەخە بۆیە پێویستە مافی خۆیەتی کە ژیانی باشتر بکرێت. چیتر بە دەهۆڵی نەزانانە هەڵنەپەڕێت ولە شایی لوغانی ناسیۆنالیستی و دینی سەرچۆپی نەگرێت. هیچ شتێک لە مرۆڤ گرینگتر نییە. بۆیە پێویستە سەرجەم بەشەکانی تری کۆمەڵگە بۆ خزمەت و سوودی مرۆڤایەتی ئاراستە بکرێت و جوانییەکان بپارێزدرێن. ناکرێ و ناگونجێ شوێن و پێگەو مەکانێک بەخۆشەویست و پیرۆز بزاندرێ، بەڵام دزی و گەندەڵی و نایەکسانی و هەژاری و برسێتی چەوسانەوە گەشەی پێبدرێت!

کەوایە چارەسەر ئەوەیە: گەورەیی و گرینگی و پیرۆزی تەنها لەساغی ڕەفتاری مرۆڤەکانەوەیە بێ زیان گەیاندن بە مرۆڤەکانی تر. کەهەنگاوی جوان و پیرۆز ئەوەیە تێکوشانی جەماوەری لەدژی بنەماڵە دزو زاڵمەکان گەشەپێ بدەین، بە ڕاماڵینی ئەم زاڵمانە ژینگە و مرۆڤایەتی جوانترو پیرۆز دەکەین. لەهەنگاوی دوایی ڕووخانی دەسەلاتی بنەماڵە فاشیستەکاندا گرینگی و بایەخی مرۆڤایەتی بوون لەقبوولکردنی جیاوازییەکان وبەرگری یە لەئازادی وبەرابەری دایە.

بۆ سەرکەوتنی کاروانی ڕزگاری کۆمەڵگە لە دەست دزو چەتەکانی دەسەڵات ڕاستگۆیانە پێویستە پشتیوانی دەستە ماندووەکان بین، نەک تەنها بۆئەوەی تەنها کاری تاقەت پڕوکێن بکەن، بەڵکو بۆئەوەی ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن، هەتاوەکو لەسەر دەستی ئەم مرۆڤە زەحمەتکێش و کرێکارە ڕاستگۆ وپاکانە کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و بەرابەر بەدی بێت.
کەوایە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شاباشی ناسیۆنالیست و ئیسلامی سیاسی بۆ پیرۆزکردنی شوێن بەشێکە لەبت پەرستی، چونکە نەبیرکردنەوەیان هەیە نەجوڵە شوێنەکان. ئەرکی مرۆڤی ژیر شکاندنی بتەکانە نەک دروستکردنی بتی نوێ. ئەوەی پێویستە نرخ و بەهای بزاندرێت تەنها مرۆڤە بۆ هەبوونی ماف و ئازادی وخۆشگوزەرانی.

# لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت...**

*** هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

## درێژەی دوا وتە

کۆمپانیاکان و شارەوانی و دەسەڵات بکەوێت... کاتێکیش خەڵک لە دژی بێ ئاوی توڕەیان دەربڕی و نارەزایەتیان نیشاندا، دوبارە نەوەی نوێ بۆ خامۆشکردنەوەی توڕەیی و نارەزایەتی جەماوەری، کەوتە تانکەر خستنە گەڕ و ئاو دابەش کردن... ئەو کاتەش خەڵک لە دژی نەبوونی سوتەمەنی و گران بوونی نارەزایەتیان دەربڕی، نەوەی نوێ کەوتە دابەشکردنی سوتەمەنی و بەنزینخانەی کردەوە و بەنزینی بە نرخی هەرزانتر فرۆشت... واتە نەوەی نوێ لەزوربەی هەرەزۆری بەشە نارازیەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی خاوکردنەوەی نارەزایەتییەکان و شکاندنی مانگرتن و خامۆشکردنەوەی تورەیی جەماوەری گێڕاوە و لە زۆر حاڵەتیشدا وەکو سواڵکەر تەماشای جەماوەری کردووە تا ئەوەی دابینکردنی پێداویستی سوتەمەنی و ئاو و ...تاد، وەکو مافێکی سەرەتایی و رەوا بە خەڵکی نەداری کوردستان تەماشا بکات. بەم جۆرە رەوتێکی سیاسی دژی نارەزایەتی جەماوەری بێت و بۆ خواستەکانیان و هەوڵی ئیحتیواکردنی بدات و چۆن دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بێت خەڵکی بێبەش و تورەی کوردستان بەشداری خۆپیشاندانی حزبی بکات و ئەویش بۆ داخوازی حزبی و ڕەوتەکەی خۆی.

جیا لەوانەش خەڵکی کوردستان کاتێک دەستی بردووە بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری ئیلهامی لە شۆرشی و راپەینی بەهاری عەرەبی و راپەرینی جەماوەری عێراقی وەرگرتووە، یان بۆ داخوازییەکانی خۆی هاتۆتە مەیدان و بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندانی بۆ خواستەکانی کردووە، لە کاتێکدا نەوەی نوێ بە ئیلهام وەرگرتن لە خۆپیشاندانی رەوتی سەدر، دەستی بۆ بانگەوازی خۆپیشاندان برد و خواستەکەشی خواستی جوڵانەوەکەی خۆیەتی... ئەوە لە کاتێکدایە رەوتی سەدر یەکێکە لەو هێزانەی رۆڵی سەرەکی بووە لەو دۆخە نەخوازراوەی خەڵکی عێراق گیرۆدەی بووەو خۆپیشاندانێکیش کە وەڕی خستووە دوور و نزیک نەک بەشێک نییە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری عێراق کە بۆ نان و هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان و بەدژی دەستێوردانی دەرەکی توانیویەتی مۆری خۆی بدات لە دۆخی عێراق و ببێتە خاڵێکی جێگائومید و درەوشاوەی کۆمەڵگە.

جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەتوانێت ئیلهام لەسەدر وەربگرێت و کۆپی رەفتارەکانی سەدر بکات، بەڵام ناتوانێت خۆی بەبزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە هەڵبواسێت، کە کرێکاران و کارمەندان، مامۆستایان و فەرمانبەران، خوێندکاران و کاسبکاران، لاوان و ژنان ...بۆی لە مەیداندان.

بۆرژاوازی کوردیش نیگەران و هەراسانە بەدەست ئەم بزوتنەوانەوە، نەک نەوەی نوێ. تەنانەت ئەو لەشکرە کە بەدوای بانگەوازی خۆپیێشاندنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ هێنایە مەیدان، لە بنەرەتدا بۆ ترساندنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریی بوو، پەیامێک بوو بۆ ترساندنی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

بەدەنگەوە نەچوونی جەماوەر و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەدەم بانگەوازەکەی نەوەی نوێ، بەجیا لە رەتکردنەوە و ئاشکرابوونی دەستی نەوەی نوێ، کە دەیەوێت بەکاریان بهێنێت بۆ ئامانجەکانی خۆی و خۆ هەڵواسین بە تورەیی جەماوەرییەوە، هاوکات نیشانەی چوونە سەری خۆهوشیاری جەماوەرییە.

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

مستەفا باهیر،جەمال نوری، ئارام حەسەن، شەمال بارەوانی، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، کاکەلاو تەحسین، هیوا ساڵح، عبدالرحمن رەسوڵ، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، د.ڤیان سلێمان، حەکیم میرزا،خالید بایەزیدی...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"...

# دوای شەش ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی وەدات حسێن دا، بکوژانی ئاشکرا نەکراون!!



١٣ ئابی ٢٠١٦ ڕۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر ڕێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە شەش ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، وەکو باقی تیرۆرەکانی تری ڕۆژنامەنووسان، ئاشکرا نەبووە.


دوا شەش ساڵ لە تیرۆری ڕۆژنامەنووس وەدات حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاوتیژ و تیژڕەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە ڕێگای دەزگا و جاسوسیەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و ئەو هێزانەش کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و ڕۆژنامەنووسان دەکەن و لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن، بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم ڕێکخراوەی مەدەنی دەست کورت و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون. دۆسیەی وەداد و تەواوی ڕۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، ڕۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم ڕۆژە هەر دێت.

دوا وتە

# بۆچی خەڵکی کوردستان بەدەنگ بانگەوازەکەی نەوەی نوێوە نەچوون؟

**عەبدوڵا مەحمود**

٦ ی ئەم مانگە جولانەوەی نەوەی نوێ بانگەوازی خۆپیشاندانێکی هێمنانەی کرد، بەجیا لە سەرکوتی حزبەکانی دەسەڵات و ڕێکارە سەرکوتگەر و ماهیەتی دژە ئازادییەکەیان لەدژی خۆپیشاندانەکە، کە جێگای ئیدانەو ریسواکردن و وەڵامدانەوەیە، بەڵام بەگشتی




بەدەنگەوەچوونی جەماوەر بۆ بانگەوازەکەی نەوەی نوێ زۆر سنوردار بوو... بەواتایەکی تر نەک جەماوەر بەگشتی، بەڵکو جەماوەری نەوەی نوێش بەشداریان کەم و سنوردار بوو. بەگشتی جەماوەری ناڕازی کوردستان، ئامادەنەبوون بەشداری خۆپیشاندانێک بکەن کە نەوەی نوێ بانگەوازی بۆ بکات، هۆکارەکەشی لە ئاستی هەرە پایەییدا، لەلایەکەوە ئەوە بوو کە جەماوەری کوردستان متمانەیان بە بزوتنەوە بۆرژوازییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی نەماوە، بەتایبەتی کە ئەزمونی بزوتنەوەی گۆڕانیان هەیە و بینیان بزوتنەوەی گۆڕان دوای دەیان و سەدان بەڵین، خۆیان هاویشتە باوەشی دەسەڵات و ماندووبوون و قوربانی جەماوەری نارازی کوردستانیان کردە بەردە بازێک بۆ دەستگیر بوون لەدەسەڵات و دەوڵەمەند بوونی بەرپرس و ئەندام پەرلەمانەکانیان. لەلایەکی تریشەوە بانگەوازی بزوتنەوەی نەوەی نوێ، پەیوەندی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان و خواستەکانیانەوە نەبوو، بەڵکو بانگەوازێک بوو بۆ خواستی نەوەی نوێ کە سەرەکی تری‌نیان هەڵبژاردن بوون لە کاتی خۆیدا... ئەوە لە کاتێکدایە جەماوەری کوردستان ماهیەتی هەڵبژاردنەکانیان بۆ دەرکەتووەو بە بایکۆت کردنی فراوان و جەماوەری بەشکستیان کێشاوە.

جیا لەوانە جولانەوەی نەوەی نوێ بە کردەوە نیشانی داوە نەک لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری نییە بۆ خواستە ڕەواکانیان، بەڵکو بۆ خاوکردنەوەو خامۆشکردنی ڕۆڵی بەرجەستەی گێراوە و لە خزمەت بەدەسەڵاتی تالانچی پارتی و یەکێتیدا، دریغی نەکردووە. ئەگەر کرێکارانی ژینگە پارێز دەستیان برد بۆ مانگرتن بۆ خواستی موچە و زیادکردنی موچەکانیان، نەوەی نوێ بەداهاتی خۆی سەیارەو کرێکاریی هێنا، تا شکست بە مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز بهێنێت و فریای

بۆ لاپەڕە 11

# چەند کورتە شیعری خالیدبایەزیدی (دلێر)



چەترەکان
هەرهەموویان
ڕەشپۆشی بارانێکن
کە دوو دڵدار
بە گریان وئازار
لەیەك جیائەبنەوە
و ئاسمان دڵی پر دەبێ و ئەگری
چەترەکانیش لە گوشەیەکی پرسەدا
بو ڕێزگرتن لە فرمێسکەکان
بەپێووە وەستاون
2-
ڕۆژێك هەردادێت
کە لەدەستە قڵیشاوەکان
گوڵەگەنم دەپشکووێ
وە باڵندەکان
بە دەنگی بە سۆزییان
سروودی بەهاری کرێکاریی
دەخوێنن
3-
لە نێوان ئەو هەموو ئینسانە
پاڵم وە بەرد داوە
ئایا بەو ئاسانییە....!؟
مرۆڤ
دڵی داوە بە بەرد
وە بەردیش
دڵی داوە بە ئینسان
4-
ما فورەی زێڕ
پێشکەشی دیکتاتورەکان دەکەن
بەڵام خۆم لەژێر
هەژاری قەموور بومەوە
ئەی هاووڵاتیان
یەکێك لە قووڵای ئاودا
دەیەوێ بخنکێ ؟
لەو وڵاتەی کە ژێرخانی پڕە
لە نەوت و غاز و زێڕ و زیوو